


# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

APRIL : 2012 | یەکبوون ژمارە ٢٥ | بانەمەڕی ٢٧١٢





* فیدراڵیزمی ژێردەستە یان دەوڵەتی سکۆلاری کوردستان...لاپەرەی ٢
* سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی...لاپەرەی ٣
* پرسیارێکی بێ وەڵام!...لاپەرەی ٥
* کورتە مێژووی کوردی فەیلی!... لاپەرەی ٧
* دوعا و سەردەشت ویستیان چی بکەن و چی بڵێن!... لاپەرەی ١١
* نامەی چارلی چاپلین بۆ کچەکەی ژۆراڵدین... لاپەرەی ١٢
* ئەشکەوتەکانی کوردستان... ١٥



# فیدراڵیزمی ژێردەستەیی یان دەوڵەتی سکۆلاری کوردستان

ئازاد بەکر

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکۆلار و سەربەخۆ لە کوردستاندا یەکێکە لە چارەسەرە گرنگەکان، بۆ ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لەو گیروگرفتانەی بەهۆی دەسەڵاتی میلیشیایی پارتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیەوە تووشی هاتووە. چەند ساڵ خۆهەڵقورتاندنی ووڵاتانی ناوچەکە لەناوخۆی کوردستان و هێرش و بۆردومانی درِندانەی ئێران و تورکیا بۆسەر خەڵکی سڤیلی ناوچە سنووریەکان، بەپاساوی بوونی پەکەکە و پژاک لەقەندیل، زیاتر قورسکردنی باری ژیانی خەڵک و نائارامیە لەناوچەکەدا. یەکێک لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم جیابوونەوەی کوردستان لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی و قەومی عەرەبی، دەسەڵاتدارانی کوردییە، تاڵەبانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە خەونی شاعیرانە وەسف دەکات، بارزانیش جار جارە لە ڕاگەیندنەکانەوە هەڕەشەی جیابوونەوە دەکات. فاکتی ئەم هەڕەشە و بانگەوازانەش لە ڕاستگۆیی و دڵسۆزیانەوە نیە بۆ پرسێکی چارەنووسسازی پرِکێشەی گرنگی خەڵک، بەڵکو لەڕاستی و واقیعدا وەک پرۆسەیەکی فشارە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە حکومەتی ناوەندی عێراق و دوورخستنەوەی جەماوەری کوردستانە لە دیاریکردنی ئایینندەی خۆیان. ئەگینا دەسەڵاتی میلیشیایی بێ پشتگیری و هاوکاری ئەمەریکا هەنگاوێک بە قازانجی خەڵک نانێن و ئەمەریکاش تەنیا بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێ.

لاوازی و بێتوانایی دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردی لە دابینکردنی ژیانێکی ئاسودە و کامەران و ئاسایش و ئارام بۆ خەڵکی کوردستان، خۆبەستنەوەیانە بە فیدراڵیزمێکی شەق و شڕی ناکاریگەر لە ئاستی عێراقدا، بۆ خاتری مانەوەیان لەدەسەڵات و دەستبەسەراگرتن و تاڵانکردنی سامان و موڵکی خەڵکی کوردستان. لە ململانێی گۆرەپانی سیاسی عێراقدا هەموو کێشە و گرفتەکان لەسەر هاوسەنگی هێزەکانی ناسیۆنالزمی کوردی و عەرەبی سونە و شیعە گیری خواردووە، هەرکات هاوسەنگی هێز بەلایەکیاندا شکایەوە ئیتر دەبێت لاکانی تر، زیاتر ملکەچی سیاسەتەکانی ئەوانیتربن. سەرەرای سیخوڕی ووڵاتانی تری ناوچەکە بە تایبەتی ئێران و تورکیا لە عێراقدا، بەدرێژایی تەمەنی ئەم فیدراڵیزمەی کوردایەتی ڕژێمی ئێران و تورکیای تۆتالیتۆر سنوور دەبەزێنن و هێرشی سەربازی دەکەنە سەر خاکی کوردستان، دەستخستنە ناو کاروباری هەرێمیش بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن، کوردستان وەک وولاتێکی ژێردەستەی خۆیان چاولێدەکەن، ئارەزوومەندانە نەخشیان لە دیاریکردنی سیاسەت و ئابووریدا هەیە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەو ووڵاتانە پێشبرکێییانە لەسەر پێگە و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریان لە کوردستاندا.

داماوی دەسەڵاتدارانی کورد لە ئاستی ووڵاتانی دەرەوەدا، وە ستەمکاریان بەرانبەر جەماوەری بەشخوراوی کوردستان و ڕێگریکردنیان لە ماف و ئازادیەکانی خەڵک و سەرکوتکردنی هەموو جۆرە نارەزایەتیەک و تیرۆر و کوشتنی ئازادیخوازان و بەتاڵانبردنی داهات و قۆرخکردنی ئابووری کوردستان هەمیشە پیشەیان بووە. بوونی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار چەکدار، دەستبەسەراگرتنی گشت کۆمپانیا و کارگە و موڵک و باڵەخانەکان و ئاودیوکردنی نەوت و دزینی باج و بەفیرۆدانی داهاتی گشتی سیمای ناشیرینی ئەم فیدراڵیزمە سەرکوتگەرەیە. بیست ساڵە ئەم هێزە چەکدارەی حیزبەکانی کوردایەتی، تەنها لە شەڕی ناخۆدا یان بۆ سەرکوتی ئازادیخوازان بەکارهێنراون، ئەگینا بۆ ڕۆژێکیش نەیان توانیوە بەرگری لە دانیشتوان و سنووری کوردستان بکەن. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کە ئەمەریکا ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدای ڕوخاند، لەجیاتی جیابوونەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا، حیزبەکانی کوردایەتی بە فیتی سیاسەتی ئەمەریکا دەستیانکرد بە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی شیعە و سونە و بەهێزکردنەوەی سوپای هەڵوەشاوەی عێراقی و دابەشکردنی دەستکەوتەکان لەنێو خۆیاندا.

ئیتر ڕاستەیەکان بە بەڵگەوە تاوانی ئەم دەسەڵاتدارانەی کورد دەردەخەن و گوێ پێنەدانی ئەوان بەرانبەر خواستە رەواکانی دانیشتوانی کوردستان زیاتر ئاشکرادەبن. واتە ناسیونالیزمی کورد هیچ کاتێک بە ئێستاشەوە ناتوانێ ببێتە نوێنەری خەڵکی کوردستان و لەسایەی سیاسەتەکانیدا خەڵکی ناتوانن لە ئازادی و ئاسودەیی و دادپەروەری و یەکسانیدا بژین. بۆیە تەنیا ئومێدی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەقازانجی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و دەتوانرێت هەر لەو ڕێیەوە ناوچە جێناکۆکەکانی تریش بخرێنەوە سەر کوردستان. لەهەمووی گرنگتر خەڵکی کوردستان ناتوانێ لەسایەی دەستور و یاسای دواکەوتوانەی عێراقی ئیسلامیدا ژیان بەسەر بەرن، چونکە لەم حاڵەتەو لە هەر سات و چرکەیەدا پێکدادانی خویناوی لەسەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و دەستورە ئیسلامیەکەیدا بەرپادەبێت، واتە ناکرێت بە ئاشتی لەپاڵ ئەم دەوڵەتە کۆنەپەرست و ناجێگیرە میلیشیایەدا پێکەوە گونجاندن هەبێت.

لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراوی کوردستانەوە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەم بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت تەنها چارەسەرێکی دادپەروەرانەیە، بەڵام دەبێت دەوڵەتێکی سکولار و شارستانی و مۆدێرن بێت، تا لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە ئازاد و سەربەخۆبێت. واتە ئەو دەوڵەتەی کە سبەینێ دروست دەبێت، وەک ئەم دەسەڵاتەی ئێستە بەدەست بۆرژوازی ناوخۆ و دەرەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یاری بەچارەنووسی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە نەکەن و سیاسەتی جەماوەری چەوساوە لەخزمەتکردنی بۆرژوازی جیهانیدا نەبێت. بەڵکو هەوڵی مسۆگەرکردنی پاڵپشتی کرێکاران وئازادیخوازانی جیهانە بۆ خۆی، دژ بە ویستی سەرمایەداری جیهانی بەگشتی. لەوەش گرنگتر خواست و ئارەزووی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لەتوندوتیژی دۆخی ئاڵۆزکاوی عێراق، کەئەوەش مافی ڕەوای خۆیانە. بەڵام دەبێ بزانین مێژوویەک ناسیۆنالیزمی کورد تۆماری کردووە، پێچەوانەی ویستی خەڵکی چەوساوەی کوردستان بووە لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا و بگرە ڕێگریشی لێکردووە، ئەوەش لەبەر بەرژەوەندی چینایەتی و پابەندبوونی بەبۆرژوایی ناوچەکە و جیهانەوە بووە.

یەکێتی و هەمئاهەنگی چینی کرێکار و ئازادیخوازانی کوردستان لەم پێناوەدا پێویستیەکی مێژوویە بۆ کۆتایی هێنان بەم پرسە گرنگە و ڕزگاربوونی کرێکارانە لەستەم و زۆرداری بۆرژوا ناسیونالیست لەو دەوڵەتە نوێیەدا. چونکە بنەڕەتی ئەم فیدراڵیزمە یەکگرتنی بۆرژوازی کوردی و عەرەبیە بە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیەوە، ئەو یەکرێزیەش بۆ تاڵانکردن و دابەشکردن و بێبەشکردنی زۆرینەی دانیشتوانە لە داهاتی ووڵات. گەر بەپێی دابەشکردنی قەومی و دینی بێت، دەبێت عێراق بکرێتە چەند پارچەی قەومی و مەزهەبی و تایفی بۆرژوازیانە بۆ بەفیرۆدانی سامانی ووڵات و ملکەچی و نۆکەری ئەمریکا و ووڵاتانی ناوچەکە لەپێناوی مانەوەیاندا. بۆیە فیدراڵیزمی ناسیوناڵیزمی زیانی بۆ یەکپارچەیی کرێکاران هەیە و بۆتە هۆی پەرتەوازەیی و زیادبوونی ناکۆکی و نەتەوەپەرستی کرێکاران بەگشتی. ئەم جۆرە تێڕوانینەش جوڵانەوەو نارەزایەتیەکانی کرێکاران بێ هێزدەکات و ئایینندەی سیاسی کوردستان دەخاتە مەترسیەوە، چونکە هێزی کرێکاران لەیەکگرتنیدایە نەک دوژمنایەتیکردنی یەکتر.

بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی جگەلە فیدراڵیزم ئاسۆیەکی تری لەبەردەمدا نیە تا بتوانێ پارێزگاری لەدەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی بکات، هەروەها مانەوەی لەدەسەڵاتیشدا بەستراوەتەوە بەخۆگرێدانی لەگەڵ بۆرژوازی ناوەند و سیاسەتەکانی ئەمەریکا، چونکە دەسەڵاتی قەومی و بنەماڵەیی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئازاد و مۆدێرندا جێگایان نابێتەوە. سوود و قازانجی دەسەڵاتداران لەدرێژەدانی ئەم فیدراڵیزمەدا خۆی دەبینێتەوە، ئامانجیش قۆرخکردنی جومگەی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگایە بەدەست بۆرژوازیەوە. بەڵام پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرنی سکۆلاری سەربەخۆ لە کوردستان زامنی چوونە پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و بەهێزیکردنی جوڵانەوەی چینایەتی یە لە کوردستاندا. بارودۆخی ئێستایی سیاسی ناوچەکە، جیابوونەوەی کوردستان دەخوازێ لەعێراقی ئیسلامی و قەومی دەسەڵاتدار، ئەویش لەڕێی دەنگدان و خستنەگەڕی ئیرادەی ئازادی جەماوەری کوردستانەوە دێتەدی. لەم قۆناغەدا کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە ڕابەرایەتی و نوێنەرایەتیەکی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەتوانایە، کە بتوانێ ئاسۆی ڕۆشنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بگرێتە ئەستۆ.

پینووسەکان
سەرچاوە Serchawe

# سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی

ڕزگار حەسەن

لەگەڵ پتر شارستانی بوونی ئینساندا، سروشتی عەقلیەتی ئینسان وایە کە هەوڵدەدات پێناسەی چەمک و مەفهومەکان بکات تا بتوانێت لە و مەفهومانە تێبگات. کە وەزیفە و میکانیزم و سروشتی ئەو مەفهومانە چین و چۆن بەکاردەهێنرێن، لە پێناوی چیدایە و چۆن و چ کاریگەیەک لە سەر ئینسان و کۆمەڵگاکەی دروست دەکات.




بە هەزاران لاپەڕە و بە هەزاران کتێب لەسەر " دەوڵەت" نووسراوە، هەر لەفەیلەسوفەکان و ئەکادیمیەکانەوە لە ئەفلاتون ، هۆبس، هانا براند......، کە دیراسەیەکی تەواوی ئەو مەفهومی دەوڵەتە کراوە تا دەگاتە ئەدیبەکان. ((نمونەیەکی خۆشم کاتێک ٢٠ ساڵ پێش یاسام دەخوێند:: دەوڵەت لە حکومەت پێکهاتووە، باش لە یادمە ڕۆژێکی زستان بوو، مامۆستا لە پۆلدا لە ئەمفیتیاترەکەدا بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باسەکە ئاسان بکات، گووتی حکومەت وەکو بەلووعەی ئاو وایە کە تەوژمی شت کەم و زیاد دەکات و بۆ ئەمەش یاسای لەبەردەستدایە.)). وەهەروەها تازەترین نووسینی "مەریوان وریا قانع"م خوێندەوە کە باسی بۆچوونی " فاڕابی" دەکات لەسەر مەفهومی دەوڵەت پتر لە هەزار ساڵ پێش. بەڵام پتر لە هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی لە گەوهەری شتەکان تێبگەیت، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەکەی و لە چییەوە دروست بووە، بۆ ئەمەش ئەکادیمی و پرۆفیسۆری ئەدەب و وەرگری (خەلاتی نۆبل)ی ئەدەب" James Coetzee " لە کتێبێکی لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ناوی Diary of a bad year ، لە یەکەم لاپەرەی لە ژێر سەردێڕی (سەرهەڵدانی دەوڵەت) باسی دروست بوونی دەوڵەت دەکات و روخساری دەوڵەت دەداتە بەر پرسیار.

بۆ تێگەیشتن لە (دەوڵەت)، " James Coetzee " لە پاش باسکردنی تیۆری و ئەکادیمی فەیلەوسوفەکان لەسەر دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی دوڵەت و دروستبوونی دەوڵەت، ئەو لە گۆشەی مومارەسەی چالاکی دەوڵەتەوە هەوڵدەدات لە دەوڵەت تێبگات و لە سەرتای مێژوودا چۆن دروست بووە، پیشانی دەدات چۆن وەزیفەی دەوڵەت وەک دەزگایەکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی میللەت بەلاڕێدا براوە!! و دەوڵەت کراوە بە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی ئینسان و ئازادی سەندەوە لە ئینسان!!. کۆتسی دەنووسێت: بە هەر نرخێک بێت خۆی دڵنیا دەکات کە ژماردنی هاوڵاتیانی راست و تەواوە، ئەمجا دەنووسێت((دەوڵەت بە پێچەوانەوە خەریکی ئەوە نییە کە هاوڵاتیانی لە چ حەڵەتێکدا دەژین یا دەمرن، ئەوەی کە گرنگە بۆ دەوڵەت فایل و سجیلەکانیەتی کە هاوڵاتیانی لە ژیاندان یا مردوون.)). ئەگەر کەمێک سەرنج بدەیت، دەبینیت کە لە هەرێمی کوردستانیش هەروایە، خەریکی سەرژمێری دانیشتوانن و لە خەمی ژمارەکانداندا، نەک چۆنیەتی ژیانی هاوڵاتیەکانی!!!!!، چەند جار سەرژمێر کراوە و حکومەت بڵاوی دەکاتەوە کە ئەم ساڵ یا ساڵێکی تر سەرژمێر دەکرێت.

بۆ ئەمەش نموونەی (kurosawa) دەهێنێتەوە، کە دەرهێنەرێکی جیهانی بەناوبانگی یابانیە و لە ساڵانی ١٩٩٠ مرد، کە لە فلیمێکی بەناوبانگی هەیە، باسی بابەتی سەرهەڵدانی دەوڵەت دەکات بە ناوی (حەوت ساموراِیەکە)، کۆتسی دەبێژێت حیکایەتی فلیمەکە بە مانای وشە باسی سەرهەڵدانی دەوڵەت دەکات و (kurosawa) بابەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی تێدا مامەڵە دەکات. سامورای لە زەمانی فیۆدالی یابان و پێش پیشەسازی بوونی چەکدارەکانی کۆمەڵگا بوون. لە حیکایەتی فلیمکەدا خەڵکی گوندەکان لە Bandit بە کوردی خۆمان (چەتە) وەرس و بێزار بووبوون کە تاڵانیان دەکردن و باجیان لێ دەسەندن، لە ناچاری خەڵکی گوندەکان بۆ پاراستنی خۆیان بڕیار دەدەن کە حەوت کەسی بێ کاروکاسپی بەکرێبگرن و چەکداریان بکەن و بیانکەن بە سەربازی خۆیان(حەوت سامورای). حەوت سامورایەکە لە شەڕدا بەسەر چەتەکاندا سەردەکەون. جا کاتێک کە سامورایەکان سەرکەوتن، ئیدی لەوە تێگەیشتن کە سیستەمی (زۆرداری و پاراستن) زۆر کاریگەرە!!!!، زۆرزان بوون.... دێن پێشنیار بۆ خەڵکی گوندەکان دەکەن کە بەرامبەر بڕێک پارە پاراستنی گوندەکان بخەنە ژێر باڵ و رکێفی خۆیان!!!!!؟؟؟؟؟. جا کۆتسی و (ﺤﭽﺴﭽﺮﮋﺲ د) سەرهەڵدانی دەوڵەت لە شێوازە دڕندەکەیدا لە مێژوودا بۆ ئەم سەرچاویە دەگەڕێننەوە. تا ئەمرۆکەش مەفهومی دەوڵەت بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و گەشەی کردوە و گەیشتووەتە ئاستی مەفهوومی((Welfare State)). بەڵام بە درێژایی مێژوو دەوڵەت بە قۆناغدا رۆشتووە و گەشەی کردوە، زۆر جار هەنگاوێ بۆ پێشەوە و هەنگاوێ بۆ دواوە بووە، هەندێک جار دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە بووە.

لە وڵاتی سوید، "مۆنا سالین" سەرۆکی گەورەترین حیزبی سویدی بوو "سۆسیال دیموکراتەکان"، کە ژنیش بوو، لە مێدیاکان هێرشیان زۆر بە ناهەق دەکردە سەر تا نەگەنە سەر حکومڕانی، پاش هەڵبژاردن کە وازی هێنا گوتی((سیاسەت مانای شەخس)) ، زۆر راستە کە باسی سیاسەت کرا، ناتوانرێت باسی شەخس نەکرێت، مەگەر تەنها باسی شتی تیۆری بکەیت، ئەویش هیچ بە دەستەوە نادات و واقیع روون ناکاتەوە. لە کوردستان هەیە لە پەنا دەوڵەت و سیاسەتی کوردیدا، لە قەسابی لە سۆڤیەتەوە ئەمرۆ ماڵ و منداڵی گەیشتووە بە ملیاردێری و کۆمپانیای مۆبایل تەلەفون.

لە وڵاتی فلیپین، کە وڵاتێکی زۆر هەژارە و زۆری کچەکانیان لە خلیج خزمەتکاری دەکەن و بە گوێرەی دیراسەی جیهانی لە حالەتی کۆیلەیی دەژین. " فیردیناند مارکۆس " سەرۆکی دیکاتۆری وڵاتی فلیپین بوو، فلیپین شوێنێکی ستراتیژی جیهانی هەبوو، بەڵام کاتێک سۆفیەت روخا و ئەمریکا هیچی تر پێویستی پێی نەما و پشتی بەردا، میللەتەکەی لە راپەڕینێکی جەماوەریدا روخاندی و رایکرد بۆ ئەمریکا و ٢ ملیارد دۆلاری لەگەڵ خۆی برد، (ئیمێراڵدا) ی ژنی هیوایەتی پێڵاوی هەبوو، ٤٠٠٠ جووت پێڵاوی هەبوو، هەموو پێڵاوێکیش نەبوو ، بەڵکو پێڵاوی مارکەی وەک کارتیە، گووچی، ئیڤ سانلۆڕان... ماڵەکەی وەکو مۆزەخانە و پیشانگای پێڵاو وابوو، پێکاتبوو لە هۆڵی گەورە و رەفەی دوور و درێژ تا سەقفەکەی بۆ نمایشی پێڵاو. پاش پتر لە ١٠ ساڵ کە مێردەکەی مرد و تەنها کەوت، داوایکرد بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، حکومەت داوای لێکرد پارەکەکان بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت، ئێستا گەڕاوەتەوە و لە وڵاتی خۆی بە پیرەژنی دەژی!!.

من خۆم لە زەمانی بەعس لە عێراق لە (مەعهەد) دەمخوێند، مامۆستایەکم لە زانکۆی سلێمانیەوە وانەی دەگووتەوە و خەڵکی هەولێر بوو، رۆژێکیان لە پۆلدا گووتی :: لە ئەڵمانیا بووم و دکتۆرام تەواوکردبوو و ژیانێکی خۆشم هەبوو، کە بیستم زانکۆی سلێمانی کراوەتە یەکسەر گەڕامەوە بۆ خزمەتکردن!!!!((جا بۆ کوێش!!!... بۆ ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس!!!!))، کەچی ئێستا لە کوردستانی ئازادی و دیموکراتی و سەرمایداری سوپەرلیبراڵی، ئەو هەموو کوردە خاوەن دکتۆرا و مامۆستای زانکۆ یە لە وڵاتان هەیە کە ناگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئازاد. بەڕاستی ئەمە جێگەی پرسیارە!!!!!! و دەبێت خەلەلێک لە سیستەمەکەدا هەبێت؟؟.

لە زووربەی وڵاتانی پێشکەوتووی غەرب، بە ئەزموونی خۆیان ئەوەندە لە مەفهووم و مانای (دەوڵەت و حکومەت) تێگەیشتوون، ئەگەر هاتوو دەزگایەک یا ئیدارەیەکی حکومەت غەدرێکی چ ماددی چ مەعنەوی لە هەر هاوڵاتییەک کرد((جا خەستەخانە بێ، خوێندگا بێ، دادگا بێ، وەزارەت بێ، یا هەر بەڕیوەبەرایەتیەکی تری حکومەت بێ)) و جا گەر هەڵەی یاسایی بێت یا هەڵەی ئینسانی بێت و کارمەندێک کردبێتی. ئەوا حکومەت قەرەبووی ئەو زیانە دەکاتەوە بۆ ئەو هاوڵاتییەی کە بە هۆی دەزگایەکی حکومەتەوە زیانی لێکەوتووە. بۆچی حکومەت ئەو یاسایەی هەیە...؟ وەڵامدانەوەی ئاسانە،

سەرچاوە
Serchawe

چونکە کاتێک حکومەت غەدری لە هاوڵاتی کرد ، ئەوا هاوڵاتی هیچ متمانە و باوەڕی بەو حکومەت و دەوڵەتە نامێنێت!!! حکومەتیش وجود و شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدات. ، باشترین نموونەش بۆ کورد ڕووداوی (ئاسۆس هەردی)یە، لەو حاڵەتەدا چ متمانەو و باوڕی بە حکومەتەکەی هەبێت!!!!. جێگری سەرۆکی پارتی لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات کە زیرەڤانی بۆ خۆپیشاندەرەکان نارد، گووتی( پارتی غەدری لێکراوە......) . ئەوە ئەو مەنتیقەیە کە بیری پێ دەکەنەوە ، غەردکردنی دەوڵەت لە میللەت و هاوڵاتی نابینرێت، بەڵام نارەزای میللەت و هاوڵاتی لە دەسەڵاتی حکومەت بە غەدر لە حکومەت و حیزب دادەنرێت!!. ئەمە شتێکی جیدیە و پێویستی بە بیرلێکردنەوە هەیە.

لەگەڵ پتر شارستانی بوونی ئینساندا، سروشتی عەقلیەتی ئینسان وایە کە هەوڵدەدات پێناسەی چەمک و مەفهومەکان بکات تا بتوانێت لە و مەفهومانە تێبگات. کە وەزیفە و میکانیزم و سروشتی ئەو مەفهومانە چین و چۆن بەکاردەهێنرێن، لە پێناوی چیدایە و چۆن و چ کاریگەیەک لە سەر ئینسان و کۆمەڵگاکەی دروست دەکات.




بە هەزاران لاپەڕە و بە هەزاران کتێب لەسەر " دەوڵەت" نووسراوە، هەر لەفەیلەسوفەکان و ئەکادیمیەکانەوە لە ئەفلاتون ، هۆبس، هانا براند......، کە دیراسەیەکی تەواوی ئەو مەفهومی دەوڵەتە کراوە تا دەگاتە ئەدیبەکان. ((نمونەیەکی خۆشم کاتێک ٢٠ ساڵ پێش یاسام دەخوێند:: دەوڵەت لە حکومەت پێکهاتووە، باش لە یادمە رۆژێکی زستان بوو، مامۆستا لە پۆلدا لە ئەمفیتیاترەکەدا بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باسەکە ئاسان بکات، گووتی حکومەت وەکو بەلووعەی ئاو وایە کە تەوژمی شت کەم و زیاد دەکات و بۆ ئەمەش یاسای لەبەردەستدایە.)). وەهەروەها تازەترین نووسینی "مەریوان وریا قانع"م خوێندەوە کە باسی بۆچوونی " فارابی " دەکات لەسەر مەفهومی دەوڵەت پتر لە هەزار ساڵ پێش. بەڵام پتر لە هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی لە گەوهەری شتەکان تێبگەیت، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەکەی و لە چییەوە دروست بووە، بۆ ئەمەش ئەکادیمی و پرۆفیسۆری ئەدەب و وەرگری (خەڵاتی نۆبل)ی ئەدەب" James Coetzee " لە کتێبێکی لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ناوی Diary of a bad year ، لە یەکەم لاپەرەی لە ژێر سەردێڕی (سەرهەڵدانی دەوڵەت) باسی دروست بوونی دەوڵەت دەکات و روخساری دەوڵەت دەداتە بەر پرسیار.

بۆ تێگەیشتن لە (دەوڵەت)، " James Coetzee " لە پاش باسکردنی تیۆری و ئەکادیمی فەیلەوسوفەکان لەسەر دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی دوڵەت و دروستبوونی دەوڵەت، ئەو لە گۆشەی مومارەسەی چالاکی دەوڵەتەوە هەوڵدەدات لە دەوڵەت تێبگات و لە سەرتای مێژوودا چۆن دروست بووە، پیشانی دەدات چۆن وەزیفەی دەوڵەت وەک دەزگایەکی رێکخستن و بەرێوەبردنی میللەت بەلارێدا براوە!! و دەوڵەت کراوە بە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی ئینسان و ئازادی سەندەوە لە ئینسان!!. کۆتسی دەنووسێت: بە هەر نرخێک بێت خۆی دڵنیا دەکات کە ژماردنی هاوڵاتیانی راست و تەواوە، ئەمجا دەنووسێت((دەوڵەت بە پێچەوانەوە خەریکی ئەوە نییە کە هاوڵاتیانی لە چ حەڵەتێکدا دەژین یا دەمرن، ئەوەی کە گرنگە بۆ دەوڵەت فایل و سجیلەکانیەتی کە هاوڵاتیانی لە ژیاندان یا مردوون.)).

ئەگەر کەمێک سەرنج بدەیت، دەبینیت کە لە هەرێمی کوردستانیش هەروایە، خەریکی سەرژمێری دانیشتوانن و لە خەمی ژمارەکاندان، نەک چۆنیەتی ژیانی هاوڵاتیەکانی!!!!!، چەند جار سەرژمێر کراوە و حکومەت بڵاوی دەکاتەوە کە ئەم ساڵ یا ساڵێکی تر سەرژمێر دەکرێت.

بۆ ئەمەش نموونەی (kurosawa) دەهێنێتەوە، کە دەرهێنەرێکی جیهانی بەناوبانگی یابانیە و لە ساڵانی ١٩٩٠ مرد، کە لە فلیمێکی بەناوبانگی هەیە، باسی بابەتی سەرهەڵدانی دەوڵەت دەکات بە ناوی (حەوت سامورایەکە)، کۆتسی دەبێژێت حیکایەتی فلیمەکە بە مانای وشە باسی سەرهەڵدانی دەوڵەت دەکات و (kurosawa) بابەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی تێدا مامەڵە دەکات. سامورای لە زەمانی فیۆدالی یابان و پێش پیشەسازی بوونی چەکدارەکانی کۆمەڵگا بوون. لە حیکایەتی فلیمکەدا خەڵکی گوندەکان لە Bandit بە کوردی خۆمان (چەتە) وەرس و بێزار بووبوون کە تاڵانیان دەکردن و باجیان لێ دەسەندن، لە ناچاری خەڵکی گوندەکان بۆ پاراستنی خۆیان بڕیار دەدەن کە حەوت کەسی بێ کاروکاسپی بەکرێبگرن و چەکداریان بکەن و بیانکەن بە سەربازی خۆیان(حەوت سامورای). حەوت سامورایەکە لە شەڕدا بەسەر چەتەکاندا سەردەکەون. جا کاتێک کە سامورایەکان سەرکەوتن، ئیدی لەوە تێگەیشتن کە سیستەمی (زۆرداری و پاراستن) زۆر کاریگەرە!!!!، زۆرزان بوون.... دێن پێشنیار بۆ خەڵکی گوندەکان دەکەن کە بەرامبەر برێک پارە پاراستنی گوندەکان بخەنە ژێر باڵ و ڕکێفی خۆیان!!!!!؟؟؟؟. جا کۆتسی و (kurosawa) سەرهەڵدانی دەوڵەت لە شێوازە درندەکەیدا لە مێژوودا بۆ ئەم سەرچاویە دەگەڕێننەوە. تا ئەمرۆکەش مەفهومی دەوڵەت بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و گەشەی کردوە و گەیشتووەتە ئاستی مەفهوومی((Welfare State)). بەڵام بە درێژایی مێژوو دەوڵەت بە قۆناغدا رۆشتووە و گەشەی کردوە، زۆر جار هەنگاوێ بۆ پێشەوە و هەنگاوێ بۆ دواوە بووە، هەندێک جار دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە بووە.

لە وڵاتی سوید، "مۆنا سالین" سەرۆکی گەورەترین حیزبی سویدی بوو "سۆسیال دیموکراتەکان"، کە ژنیش بوو، لە مێدیاکان هێرشیان زۆر بە ناهەق دەکردە سەر تا نەگەنە سەر حکومڕانی، پاش هەڵبژاردن کە وازی هێنا گوتی((سیاسەت مانای شەخس)) ، زۆر راستە کە باسی سیاسەت کرا، ناتوانرێت باسی شەخس نەکرێت، مەگەر تەنها باسی شتی تیۆری بکەیت، ئەویش هیچ بە دەستەوە نادات و واقیع روون ناکاتەوە. لە کوردستان هەیە لە پەنا دەوڵەت و سیاسەتی کوردیدا، لە قەسابی لە سۆڤیەتەوە ئەمرۆ ماڵ و منداڵی گەیشتووە بە ملیاردێری و کۆمپانیای مۆبایل تەلەفون.

لە وڵاتی فلیپین، کە وڵاتێکی زۆر هەژارە و زۆری کچەکانیان لە خلیج خزمەتکاری دەکەن و بە گوێرەی دیراسەی جیهانی لە حالەتی کۆیلەیی دەژین. " فیردیناند مارکۆس " سەرۆکی دیکاتۆری وڵاتی فلیپین بوو، فلیپین شوێنێکی ستراتیژی جیهانی هەبوو، بەڵام کاتێک سۆفیەت روخا و ئەمریکا هیچی تر پێویستی پێی نەما و پشتی بەردا، میللەتەکەی لە راپەرینێکی جەماوەریدا روخاندی و رایکرد بۆ ئەمریکا و ٢ ملیارد دۆلاری لەگەڵ خۆی برد، (ئیمێرالدا) ی ژنی هیوایەتی پێڵاوی هەبوو، ٤٠٠٠ جووت پێڵاوی هەبوو، هەموو پێڵاوێکیش نەبوو ، بەڵکو پێڵاوی مارکەی وەک کارتیە، گووچی، ئیڤ سانلۆران... ماڵەکەی وەکو مۆزەخانە و پیشانگای پێڵاو وابوو، پێکاتبوو لە هۆڵی گەورە و رەفەی دوور و درێژ تا سەقفەکەی بۆ نمایشی پێڵاو. پاش پتر لە ١٠ ساڵ کە مێردەکەی مرد و تەنها کەوت، داوایکرد بگەرێتەوە بۆ وڵاتەکەی، حکومەت داوای لێکرد پارەکان بگەرێنێتەوە بۆ حکومەت، ئێستا گەراوەتەوە و لە وڵاتی خۆی بە پیرەژنی دەژی!!.

من خۆم لە زەمانی بەعس لە عێراق لە (مەعهەد) دەمخوێند، مامۆستایەکم لە زانکۆی سلێمانیەوە وانەی دەگووتەوە و خەڵکی هەولێر بوو، رۆژێکیان لە پۆلدا گووتی :: لە ئەڵمانیا بووم و دکتۆرام تەواوکردبوو و ژیانێکی خۆشم هەبوو، کە بیستم زانکۆی سلێمانی کراوەتە یەکسەر گەڕامەوە بۆ خزمەتکردن!!!!((جا بۆ کوێش!!!... بۆ ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس!!!!))، کەچی ئێستا لە کوردستانی ئازادی و دیموکراتی و سەرمایداری سوپەرلیبراڵی، ئەو هەموو کوردە خاوەن دکتۆرا و مامۆستای زانکۆ یە لە وڵاتان هەیە کە ناگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئازاد. بەڕاستی ئەمە جێگەی پرسیارە!!!!!! و دەبێت خەلەلێک لە سیستەمەکەدا هەبێت؟؟.

لە زووربەی وڵاتانی پێشکەوتووی غەرب، بە ئەزموونی خۆیان ئەوەندە لە مەفهووم و مانای (دەوڵەت و حکومەت) تێگەیشتوون، ئەگەر هاتوو دەزگایەک یا ئیدارەیەکی حکومەت غەدرێکی چ ماددی چ مەعنەوی لە هەر هاوڵاتییەک کرد((جا خەستەخانە بێ، خوێندگا بێ، دادگا بێ، وەزارەت بێ، یا هەر بەرێوەبەرایەتیەکی تری حکومەت بێ)) و جا گەر هەڵەی یاسایی بێت یا هەڵەی ئینسانی بێت و کارمەندێک کردبێتی. ئەوا حکومەت قەرەبووی ئەو زیانە دەکاتەوە بۆ ئەو هاوڵاتییەی کە بە هۆی دەزگایەکی حکومەتەوە زیانی لێکەوتووە. بۆچی حکومەت ئەو یاسایەی هەیە...؟ وەڵامدانەوەی ئاسانە، چونکە کاتێک حکومەت غەدری لە هاوڵاتی کرد ، ئەوا هاوڵاتی هیچ متمانە و باوەڕی بەو حکومەت و دەوڵەتە نامێنێت!!! حکومەتیش وجود و شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدات. ، باشترین نموونەش بۆ کورد ڕووداوی (ئاسۆس هەردی)یە، لەو حاڵەتەدا چ متمانەو و باوڕی بە حکومەتەکەی هەبێت!!!!. جێگری سەرۆکی پارتی لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات کە زیرەڤانی بۆ خۆپیشاندەرەکان نارد، گووتی( پارتی غەدری لێکراوە......) . ئەوە ئەو مەنتیقەیە کە بیری پێ دەکەنەوە ، غەردکردنی دەوڵەت لە میللەت و هاوڵاتی نابینرێت، بەڵام نارەزای میللەت و هاوڵاتی لە دەسەڵاتی حکومەت بە غەدر لە حکومەت و حیزب دادەنرێت!!. ئەمە شتێکی جیدیە و پێویستی بە بیرلێکردنەوە هەیە.

کوردستان پۆست

سەرچاوە
Serchawe



# پرسیارێکی بێ وڵام!

## پەخشانێک لە یادی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکانی کە بە دژی نەتەوەکەم کراون و دەکرێن

محەممەد فەقی عەلی

من ئەوەتەی بە زەبری شمشێر و قەممە موسوڵمانیان کردووم، خۆم پێ لە وان موسوڵمانترە. تەماشای مێژووی شێواوم کەن! من چەندە بەندەی ئەم نامرۆڤانە بووم و ئەوانیش خودای بانی سەرم.

من بۆ ئەوان کەواسوری بەر لشکر بووم و ئەوانیش ئاغا و سەروەرم.

لێرەدایە پرسیاری بێ وەڵامم.

ئەی من کەنگێ موسڵمانم؟

....

هەزاران ساڵ بەرلە ئێستا هەر بەم زمانە و هەر بەم دینە ولە ژێر چەتری هەمان خودای عەرەب و عەجەم دا، لە ژێر هەمان وشەی ئەڵڵە وئەکبەرِ دا لە سایەی لائیلاهە ئیلەڵا دا، هاتن و ئەنفالیان کردم.

ویستی ئەوکاتیان ئەوەبوو:

مل کەچ کەو گیانت رِزگار.

منیش ملکەچ هەرچیم هەبوو بە هەردوو دەست پێیانم دا، لە کولتور و لە مرۆڤایەتی و لە وڵات و لە دین و لە ئیمان و لە پەرستگەی باب و باپیران.




ئەوەی هەمبوو چیم پێنەما،

تەماشای مێژوی شیواوم کەن!

من موسڵمانتر لەوان.

من خوداپەرستتر لەوان

کە چی بۆوان هەر کافرم،

ئەوان دەڵێن: چونکە لە نەسڵی ئەوان نیم، تا مەعشەر بەرپا دەبێت من نۆکەرم.

لێرەدایە پرسیاری بێ وەڵامم.

ئەی من کەنگێ موسڵمانم؟

...

سەلاحەدینم سەرداری لشکرتان بوو، هەرچی هەبو، هەرچی توانی بۆتانی کرد، دەستیاری پێغەمبەرتان ئەویش کورد بوو، لە بارەگای تێکرِای عزرەت و خەلیفەو خولەفاتان راوێژکارتان هەر کوردبوون و چەندین هەنگاو لە پێشتریش لە تۆ خۆیان لە ئەڵڵا و محەممەد و قورعانتان بە نزیکتر زانیوە.

جهادی فیسەبیلیلا

یەکەمجار بە دژی منکرا

لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەزاران جیهادی ئێوەو دارودەستەکانتانم بەزاندوە و منیش هەرهەم و هاناشم بۆ خودای ئێوە هێناوە و دەڵێم موسڵمانم

بۆیە لێرەدا پرسیاری بێ وەڵامم.

ئەی من کەنگێ موسڵمانم؟

...

هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا ، بە ناوی پێغەمبەر و خودا لە ژێر باڵی خەلیفەو مەلاو ئاغا

بۆ مەرامی گوڵاوی خۆتان کردتانم بە چەندین کوتی دژ بە یەک.

من دڵێکم بوو یەکپارچە بوو.

بۆ یەک مەرام بۆیەک ئاوات یەکتەختەبوو.

کەچی ئێوە ترسەنۆکەکانی مێژوو، پارچەیەکتان کردمە شیعە و ئەویتریان بۆ بە سوننی و بەشێکیانتان کردە عەلەوی .

من بۆ هەمویان ملم کەچ بوو

هیچم نەگوت

چونکە پێموابوو موسڵمانم.

سەرچاوە
Serchawe




بۆیە لێرەدا پرسیاری بێ وڵامم.
ئەی من کەنگێ موسوڵمانم؟
...
ئەی ئێوە نەبون بە بەڵێنی درۆین فریوتاندام.
هەرچی برای خۆم بوو کوشتم بۆتان
تەنیا لە بەر ئەوەی، وشە ی ئەشەدویان نەهاتە سەر زمان.
من لە لایەک شەرم دەمگرێ...
کە باسی مێژووی خۆم دەکەم.
چون هیچ کارێکی خراپ نەما
دژ بە خۆم و وڵاتەکەم بۆتانی نەکەم.
بە ناوی ئیسلام بەرەی زەردوشتم بریەوە
بە ملیۆنان یەزیدی و ئەرمەنی ویارسان ئەم و ئەوم شاربەدەر کرد.
وەک تۆ بە سەر منت هێنا منیش بەرسەر وانم هێنا.
من هەر گوتم موسوڵمانم.
بۆیە لێرەدا پرسیاری بێ وڵامم.
ئەی من کەنگێ موسوڵمانم؟
...
لە چەند هەزاران ساڵی ڕابردوو دا من هەر گوتم موسڵمانم ڕوو بە قیبلەتان هەر کە لە سەر پشتی لانکە هاتمە خوارێ پێج فەرزەی نوێژم بۆ خوداتان کرد، شادەم بە پێغەمبەرتان هێنا و زەکات و سەرفترم دانێ و کابەم پیرۆز کردن، کەچی بەشی من لەویشیان دا هەر ئەنفال بوو لە زەمانێکی تردا و لە ژێر شمشیری مرڤکوژەکانی ئەو سەردەمدا. ماڵتان بردم، زگی منداڵتان هەڵدڕیم خۆمتان فەلاقە کرد، بە زیندووی چەرمتان لێداماڵیم.
کە چی دروشمی من هەر ئەوەبوو موسڵمانم .
بۆیە لێرەدا پرسیاری بێ وڵامم.
ئەی من کەنگێ موسوڵمانم؟
...
لە سەدان ساڵی ڕابردوو دا لە ژێر چەتری موسلمانی دا سەدان ڕابەر و شێخ و مەلاتان کوشتم، لە سەدەکانی دوای دا پڕ بە گەروتان دەنگی مرۆڤ کوژەکانتان دا و جهادتان لە دژی من دەرکرد خوێنتان حەڵال کردم ماڵ و حاڵم هی خۆم نەبێ هی هەموتان بوو.
کەچی من ئیشتاش دەڵێم موسڵمانم.
بۆیە لێرەدا پرسیاری بێ وڵامم.
ئەی من کەنگێ موسوڵمانم؟
...
کوشتارگای ئەم سەردەمەتان پڕ کردن لە رۆڵەکانی نەتەوەکەم، بە چەکی سەردەم و جبەخانەی تەیارتان دارو دەوەن و ڕەزو باغتان سوتاندم بە بۆمباو ناپاڵم لە ژێر سایەی حەلەمی ئەڵلە وئەکبەڕ دا تەنیا لە چرکە ساتێکدا هەزاران گیانتان لێستاندم، ئەنفالی مۆدێڕنتان هەر ئەو ئەنفالە بوو کە بە درێژای هەزاران ساڵ کردوتانە،




من کە لە ئازاری خۆم ڕاپەڕیوم، ترۆریست و ئینسان کوژ و دزو جەردەم.
ئێوە کۆکوژم دەکەن لە سەر بیری ئینسانی، مۆری کافر بونم لیدەدەن.
کوشتنم بە ڕەوا دەزانن، خۆشتان دەزانن.
کە دە گەڵ دین وئیسلام و خودا دا درۆ دەکەن
من ئەوە هەموی دەزانم
بۆیە لیرەدا پرسیاری بیوڵامم
ئەی من کەنگێ موسڵمانم؟

ماڵپەری حدک میدیا

سەرچاوە Serchawe

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون



# کورتە مێژووی کوردی فەیلی!

ناسری ڕەزازی

زمانی کوردیی، یەکێ لە زمانە کۆنەکانی ریشەی هیند و ئورووپێییە کە لە بنەماڵەی زمانەئێرانیییەکانە! ئەم زمانە خاوەنی چەند زاراوەیە کە بنزاراوەشی زۆرە! وەکوو چۆن لە کۆندا هۆزگەلێکی وەکوو: (لۆلۆ، گۆتی، کاسی، مانایی، نایيری، سۆباری، ئۆرارتۆ، میتانی، کاردۆخ و ماد)مان هەبووە، ئەمڕۆش، کورد هۆز و تیرەی زۆری هەیە کە هۆزەکان، زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و زمانی کوردیش بە پێی ئاخاوتنی ئەو هۆز و تیرەگەلە دابەش دەکرێ، وەکوو:



یەکەم کرمانجیی: کە بنزاراوەکانی بریتین لە: بۆتانیی، بایەزیدیی، بادینانیی، شەمدینانیی قۆچانیی، کە شارەکانی قارس، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، مووش، ئەلعەزیز، وان، دیاربەکر، ئورفا، جزیر، ماردین، سیرت، بتلیس، قامیشلیی، حەسەکە، سەرێکانی، عەفرین، ماکۆ، بازرگان، قوتوور، کوردەکانی ورمێ، کوردەکانی خوراسان و ئازەربایيجان و گورجستان و قەزاقستان و ئەرمەنستان و تورکمەنستان و هیدیکە قسەی پیدەکەن!

دووهەم موکریی: کە زاراوەی (سۆران)ی بەسەردا بڕاوە و بنزاراوەکانی بریتین لە: موکوریانیی، سۆرانیی، شارەزووریی، جافیی، بابانیی، ئەردەڵانیی، گەرمیانیی و هیدیکە! کە شارەکانی شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، سەردەشت، مەهاباد، بۆکان، سەقز، هەوشار، رانیە، قەڵادزە، هەولێر، رواندز، کۆیە، سلیمانی، هەڵەبجە، کەرکووک، سنە، قوروە، بیجاڕ، مەریوان، بانە، سەقز، دیواندەرە، کامیاران، سە رپیلی زە هاو .جووانڕۆ و روانسەر قسەی پیدەکەن!

سیهەم گۆرانیی: کە بنزاراوەکانی بریتین لە هەورامیی، زازاکی، باجەڵانی، شێخانی، زەنگەنە، سیامەنسووری و شەبەک. کە شارەکانی پاوە، نەوسوود، دزڵی، هەورامانی تەخت، هەورامانی لهۆن، ژاوەرۆ، کە داگری بێساران و هوویە و سەرهوویە و پاڵنگانە، هەروەها بیارە و تەویڵێ و بەشێک لە خورماڵ و هەڵەبجە، قسەی پیدەکەن!

چووارەم پالەوی (فەیلی): کە بنزاراوەکانی بریتین لە: کرماشانیی، لەکیی، کەڵوڕیی، گەڕووسیی، بیجاڕیی، شیروانیی، چەرداوڕیی، ئەرکەوازیی، کە شارەکانی: سە رپیلی زە هاو قەسری شیرین، شەهاباد، سەحنە، کرند، کەنگاوەر، رێژاو، بێستوون، ئیلام، سەرەشار، نەهاوەند، خانەقین، سۆمار، بەدرە، جەسان، زرباتییە، کووت، عەمارە و کوردەکانی بەغدا، قسەی پیدەکەن!

پینجەم لوڕی: دیارە لوڕەکان بەشێکیان خۆیان بە کورد دەزانن و بەشێکیشیان دەڵێن: ئێمە لوڕی، نە کوردین نە فارس! بنزاراوەکانی زاراوەی لوڕیی بریتین لە: خوڕەمابادی و بەختیاری و هەفتگوڵی و سووسەنگردیی. کە شارەکانی خوڕەماباد، برووجرد، دزفوول، شارکورد، چووارمەحاڵ، ئەلەشتەر، ئەلیگوودەرز، سووسەنگرد و پێشکۆ، مێران و دێلوڕان قسەی پیدەکەن!

## وشەی فەیلیی، واتای چییە؟

لەراستیدا وشەی فەیلیی بە هەڵە بەسەر ئەم بەشە لە کورد، کە کۆنترین تیرەی کوردن لە کوردستان داسەپاوە، من لە ژێرەوە ئاماژەی پیدەکەم!

فەیلیی، تیرەیەکن لە کورد کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئیلامن و سەر بە هۆزی کەڵوڕن، بەڵام نزیکەی ٤٠٠ ساڵ دەبێ کە لە بەغدا دەژین و لەبەر نەبوونی کار و باری ئابووری لە ئێران و لە هەمووی گرنگتر شەڕی نێوان عوسمانیی و سەفەویی، کۆچ دراونەتە ئەوێ، یان هەڵداژراونەتە ئەوێ؛ هەندێک کەس وا بیر دەکەنەوە کە فەیلی یانێ: فێئەت عەلی واتە: پەیڕەوانی حەزرەتی عەلی و زاراوە گۆڕیویەتی؛ دیتنێکی دیکەش هەیە کە دەڵێن: لە بەغدا بە کرێکاری کوردیان گوتووە: پاڵە و فەلە و وشەی فەیلی لەبەر ئەو هۆیە بە سەر فەیلییەکاندا دابڕاوە؛ بەڵام گرنگتر لە هەمووی ئەمانە، فەیلی واتە ئەو کوردانەی کە بە زاراوەی کەڵوڕی یان پالەوی قسە دەکەن و وشەی پالەوی عەرەب کردوویەتی بە فەهلەوی و بەو تیرەیەشیان گوتووە فەیلی و ئەو نێوەیان بەسەردا بڕاوە؛ فەیلییەکان لەبەرئەوەی کە شیعەن، سەددام حسێن، بە تاوانی شیعەبوون، زڵمی زۆری لێکردوون و هەتا ئێستا بە هەزارنیان لێکوژراوە و هەڵداژراونەتەوە بۆ ئێران. وشەی فەیلی لەراستێدا بە هەڵە لێکدراوەتەوە و بەسەر ئەو بەشە لە کورددا داسەپاوە، کە لە بەغدا و گوندێکی ئیلام دەژین! فەیلییەکان لە بنەڕەتدا هەموویان ئیلامین کە لە بەغدا گیرساونەتەوە! تەواوی خاکی ئیلام سەروژوور بگەڕیی، جگە لە گوندێک نەبێ لە دووڕییانی سۆمار، شوینێکی دیکە شک نابەی کە خەڵکێکی لێ هەبێ بە نێوی فەیلی! ئەو گوندەش نێوی(زەڕنە)یە کە ١٥٠ ماڵن!

## فەیلی بە واتایەکی دیکە!

دیتنێکی دیکە دەڵێ: چەند سەد ساڵ لەمەوبەر، حاکمێک بە نێوی حوسین خانی عەباسی عەلەوی، کە لە شیعەکانی نەجەف بووە، لە ئیلام حوکمی کردووە و بەم دەسەڵاتەیان گوتووە: (فیئەت عەلی) واتە: (جەماعەتی عەلی، یان، پەیڕۆیانی عەلی)! ئەم حاکمە باسی خۆی وەکوو شەجەرە لە سەر بەردێک لە(دەرەشار) هەڵکەندووە و گوتوویەتی: ئێمە عەرەبین و لە شیعەکانی نەجەف و خەڵکی ئەوێین! دوای چەندساڵ دەسەڵات لەوێ، لە شەڕی(رنوو)دا شکست دەخۆن! دوای ئەو شکستە ئیلام بە جێدیڵن و دەچنەوە نەجەف! لەو کۆچەشدا زۆر لە کوردەکانی ئیلام ڕەگەڵیان دەکەون و دەچنە کووت و بەغدا! حوسین خان دەمرێ و قەبری لە نەجەفە! ئەمانە کە بە فیئەت عەلی نێویان دەرِوا، لە بەغدا دەس دەکەن بە ساتوسەودا و بازرگانی و دەوڵەمەن دەبن! کوردە شیعەکانی ئیلامیش کە خۆیان بە پەیڕەوی فیئەت عەلی دەزانن، پاڵیان پێوە دەدەن و زۆربەی شوێنەکانی بەغدا و کووت دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان! لە راستیدا ئەمە مێژووی فەیلییەکان نییە و مێژووی ئەم تیرە گەورەیەی کورد، زۆر دوور و درێژە و دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵ.

سەرچاوە Serchawe

## (فەیلی)یەکان خەڵکی کوێن؟

ئەو فەیلییانەی کە لە بەغدا دەژین، خەڵکی ئیلامن و شیعەن و کوردی رەسەنن، رەگاژۆیەکی دوور و درێژی چەندسەدساڵەیان هەیە لەو شارەدا و لە کاروباری دەوڵەتدا زۆر دەستیان دەڕوا و، زاراوەی ئەم کوردەفەیلییانە، کاری کردۆتە سەر مۆسیقا و فەرهەنگی عەرەبیش! بۆ نموونە من گۆرانیی فەیلیم لە (محمد قوببانچی) مەقامبێژی گەورەی بەغدا بیستووە کە بە عەرەبی گوتوویەتی، ناوی ئەو گۆرانییە بە کوردیی: (دڵەگەم خەمگینە)یە کە فۆلکلۆری کۆنی کەڵوڕییە! کوردەفەیلییەکان لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و لە شۆڕشی بارزانیی و زۆر تێکۆشانی دیکەدا دەوریان هەبووە! بەڵام حوکوومەتی ئیراق، زەربەی قورس و گەورەی لێدان و هەزارانیانی لە زیندانەکانی ئیراقدا بێسەروشوێن کرد و مێژوویەکی پڕ لە کارەساتیان هەیە و زوڵموستەمێکی زۆریان لێکراوە، لەبەرئەوەی کە شیعەن! بۆ باسکردنی تیرەی فەیلیی و مێژووەکەیان پێویستە ئاوڕێک لە کۆن بدرێتەوە تا بە ئاکام بگەین کە فەیلیی کێن و چین و لە کوێوە هاتوونەتە بەغدا.

## فەیلییەکان سەد لەسەد ئیلامین؟!

ناوی هەر گەل و نەتەوەیێکی سەر رووزی زەوی، لەسەر زمانی ئەو نەتەوەیە تاپۆ دەکرێ، یان ناودێر دەکرێ، جیاواز لە هەندێ وڵاتی دروستکراوی وەکوو: ئامریکا و ئوسترالیا و نیوزلاند و کانادا و هیدیکە، بۆ نموونە: فەرانسەییەکان خەڵکی فەرانسەن و بە زمانی فەرانسەیی قسە دەکەن، سپانیاییەکان خەڵکی سپانیان و بە زمانی سپانیایی قسە دەکەن. دیسان وەکوو: کورد کوردستان، تورکەمەن تورکمەنستان، هند، هندووستان و هیدیکە. کوردستان وڵاتێ کوردانە و کوردیی زمانی ئەو خەڵکەیە کە لەوێ دەژین، جگە لەو کەمەنەتەوەگەلەی کە لەوێن. وەک لەسەرەوە نووسیمان، زمانی کوردیی خاوەنی چەند زاراوەیە کە پالەوی (فەیلی)، یەکێ لە زاراوەکۆنەکانی ئەم زمانەیە.

## ئیلام و فەیلی!

فەیلییەکان سەتلەسەت ئیلامین و ئیلام هەرێمێکە لە کوردستان کە یەکێ لە زێدە کۆنەکانی کورد بووە لە درێژەی مێژوودا؛ زمانی خەڵکی ئیلام پێکهاتووە لە دوو بنزاراوەی زمانی کوردیی: کەڵوڕی و لەکیی، بەڵام لە راستیدا دەبێ بە زاراوەی ئیلامییەکان بڵێین: فەیلی یان پالەوی کۆن کە هەمان زاراوەی کەلهوڕییە و زاراوەیێکە لەو زمانەی کە گاتاکانی زەڕدەشتی پێ نووسراوەتەوە؛ ئیلام لە کۆندا بەرلەوەی ببێ بە ئوستان پێیگوتراوە: پشتکۆ؛ ئیلام لە کۆندا دەوڵەتێکی گەورە بووە و پایتەختەکەی شاری شووش بووە، ئەو دەوڵەتە لە سەردەمی خۆیدا داگری: خووزستان و لورستان و پشتکۆ و کێوەکانی بەختیاری بووە؛ لەمە کۆنتریش سنووری دەوڵەتی ئیلام لە رۆژهەڵاتەوە رۆباری دیجلە بووە و لە رۆژاواوە ویلایەتی فارس یان شیراز، لە باکوورەوە بابل و هەمەدان و لە باشووریشەوە کەنداوی فارس و بووشار، شارە بەنێوبانگەکانیشی: کارداکا (کەرکووکی ئێستا، شووش و ماداکتۆ و خایدالوو، یا خاڵدا، یان (خورەماوا)ی ئێستا بووە. خەڵکی ئیلام زمان و خەتی تایبەت بە خۆیان هەبووە و بتپەرست بوونە، یان سەتلەسەت رەدووی ئایینی زەڕدەشت بوونە. مێژووی ئەم دەوڵەتە سێ سەردەم بووە: سەردەمی یەکەم، هاوسەردەمی سۆمەرییەکان و ئەکەدەکان، سەردەمی دووهەم، هاوسەردەمی بابلییەکان و سەردەمی سێهەمیش هاوسەردەمی ئاشووریەکان بوونە، بەڵام ساڵی ٦٤٥ی بەرلە زایین بەدەست ئاشوورییەکان دەوڵەتەکەیان هەڵدەوەشرێ؛ دوای ئەوە ئیلامییەکان کە بە لۆلۆییەکانیش ناوبراون، لەگەڵ مادەکان و تیرەکانی دیکەی کوردستان یەک دەگرن و لە ساڵی ٥٨٠ی بەرلە زایین ئاشوورییەکان لەناو دەبەن و دەوڵەتی ماد دادەمەزرێنن و یەکێ لە دامەزرێنەرانی شاری کارداکۆ (کەرکووک)ی ئێستان.

## مۆسیقای ئیلامییەکان:

ئیلامییەکان لەکۆندا، لەکاتی گیڕانی ئاهەنگەمەزهەبییەکانیاندا مووزێکیان بەکار بردووە! گێڕانی ئاهەنگەکانیان بە یەک دوو جۆر چنگ و شمشاڵ و دووزەلە و هەندێ ئامێری زەربیی بووە! لەگەڵ ئەوانەشدا سازێکیان هەبووە وەکوو سەنتوور کە دواتر دەستی تیوەردراوە و، وەکوو خۆی نەماوە و کۆگر(کامڵ) بووە، وەک دەرکەوتووە، سازگەلی کلاویەداری ئورووپایی، کە کامڵترینیان پیانۆیە لەرووی ئەم سازە درووست کراون! لەناو شوێنەوارەکانی ئیلامیدا کە دۆزراونەتەوە، دوو نەخشی بەرجەستە هەن کە دوو نموونەی کۆگری ئورکیسترەکانی ئەو سەردەمەن، یەکێکیان دەستەی ژەنیاران و ئەوی دیکەشیان دەستەی گۆرانیبێژانن و ئێستاکە لە(موزەی لەندەن)ن! دەستەی ژەنیاران لە یازدە ژەنیار پێکهاتوون کە حەوت کەسیان چنگ و دوو کەسیان دووزەلە و یەکێکیان سازێک لە شێوەی سەنتوور لێدەدەن! ژەنیارێکی دیکەش سازێکی زەربی لێدەدا! لەناو دەستەی گۆرانیبێژەکاندا نۆ منداڵ و شەش ژن بەشدارن! ئەو ژنەی کە لە پێشەوەیە رێنوێنیکەری ئەوانی دیکەیە و ژنەکەی دیکە، وەک چۆن گۆرانیبێژەکانی رۆژاوا لێیڕاهاتوون دەست دەنێنە بناگوێیان، دەستی ناوەتە بناگوێی! ژن و منداڵەکانی دیکەش چەپڵە لێدەدەن! لە پێوەندیی لەگەڵ (هۆرە و موور)یش، چەند پەیکەری دەهۆڵ و زوڕنا و هیدیکە لەم ناوچەیە دۆزراونەتەوە، کە نیشاندەری ئەوەیە چەمەریی لە بنەڕتدا هی ناوچەی ئیلامە و هەموویان بە زاراوەی کەڵوڕیی بەڕێوە دەبرێن. فەیلییەکان خەڵکی ئیلامی ئەمڕۆن و ئێستای ئیلام لەباری زمان و فەرهەنگەوە، جیاوازە لە ئیلامی ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، بۆ میناک ئێستا بە هۆی تەلەڤزیۆنی کوردییەوە، لە ئیلامی مەڵبەندی زمانی پالەویدا، گۆرانیی سۆرانیی ریشەیەکی سەیر و بەرچاوی داکوتاوە و هەستی نەتەوەیی لەو ناوچەیەدا گەییشتۆتە ئاستێکی بەرچاو.

## فەیلی، پاڵە و پاڵەوان؟

وشەی پاڵەوان واتاکەی دەبێتە: ١. رنجبەر، پاڵە، سەپان؛ ٢. پەڵە دەخڵی نەدووراو؛ ٣. مرۆڤی زۆردار و بەهێز؛ ٤. دارێ کە دەخرێتە بن کاریتەوە؛ ٥. فەرمانبەری شار؛ ٦. شاری ئەو کوردانەی کە لە کۆندا سەر بە ئایینی زەڕدەشتی بوونە؛ ٧. شاری گۆرانەکان؛ ٨. دەربار و دیوەخانی گەورەپیاوان؛ ٩. نێوی کۆنی زاراوەی کەڵوڕی کە لە ئێراندا فارسەکان بە هەڵە پێی دەبێژن: زبان پهلوی (فارسی میانه!!)، کە لە راستیدا زووانی کوردەکانی باشووری ئێرانە، نەک فارسی میانە! هەرچەند ئەم زاراوەیە ئەشکانییەکان و ساسانییەکان بەکاریان هێناوە و قسەیان پێ کردووە؛ وشەی (پالەوی)، زاراوەی ئەو کوردانەن کە بە زاراوەی (کەلهوڕیی) و (فەیلی) و (لەکیی) قسە دەکەن و لە وشەی (پاڵە) وەرگیراوە؛ (فەیلی)ش لە بنەڕەتدا (پالەوی) بووە و عەرەب ئەم وشەیەی گۆڕیوە بۆ (فەهەلەوی) و دواتر بووە بە فەیلی!؛ دوکتۆر موعینیش لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێ: پاڵە یان پەهلە، واتە: پارت و قەومی فارس و پاڵەوان و دلێر و جەنگاوەر و زۆری دیکە و لەوێش هۆنراوەیەکی فردۆسی بە نموونە هێناوەتەوە کە دەڵێ:

گزین کرد ازان نامداران سـوار
دلیـران جنگی ده و دوهـزار
هم از پهلوی، پارس، کوچ و بلوچ
ز گیلان جنگی و دشت و سروچ

واتە: لەو سـوارە ناودارانـەیـان هەڵبـژارد،

سەرچاوە
Serchawe

یەكبوون
كوردستان یەک وڵاتە و كوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشكراون

لەو دلێـــرە شەڕاشـــۆیانە، دوازدە هـــەزار،
هەم پالەوی و هەم پارت و كۆچەر و بەلووچ،
لە گێڵانی شەرکەر و دەشتییـەکان و سرووچ!

مەبەستی فردۆسی لە پەهلەوی (پالەوی) لێرەدا فارس نییە و بەڵكوو كوردە چونكە بە كوردی كەڵوڕ ئەو سەردەمەیان گوتووە پاڵە و پاڵەوان، پالەویش ئەو كوردانە دەگرێتەوە وا بە زاراوەی كەڵوڕی قسەیان كردووە و داگری شارەكانی ئیلام و بەدرە و جەسان و كووت و عەمارە و تەنانەت كرماشانیشە! ڕەنگە هەموو كوردیش بێ، چونكە زمانی سەردەمی ساسانی و تەنانەت ئەشكانی و هیدیكەش پالەوی بووە. بۆ نموونە چوارینەكانی باباتاهیری هەمەدانی هەر بەو زاراوەیە دانراوە و دواتر لەلایەن عەرەبەوە كراوە بە: فەهلەویات! بەڕاستی خەڵكی فارس دەبێ ئەوە بزان كە (زبان پهلوی) كە فارس بانگاشەی بۆ دەكا و بە فارسی دادەنێ، فارسی نییە و یەكێ لە زاراوە كۆنەكانی زمانی كوردییە و بە زاراوەی كەڵوڕیی ناسراوە. من دەمەوی لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دوو بەند لە بەندەكانی گاتاكانی زەرەدەشت بە نموونە بێنمەوە كە تێكەڵەیێكە لە كوردیی هەورامیی و كەڵوڕیی و جافیی و كرمانجیی، كە فارس لە ژێر پەردەی (زبان پهلوی) كە ئەویش هەر كەڵوڕییە، وەریانگێڕاوەتە سەر فارسیی، لە كاتێكدا وشەكان لە سەتا ٧٠ زێدەتری كوردین و تاكەتاكەش وشەی تێدایە كە دەتوانین بڵێین وشەی فارسیی و كوردیی هاوبەشن و هەندێكیشی ئەمڕۆ لە كوردیدا شوێنەواریان ماوەتەوە! وەكوو ئەم بەندە لە بەندێكی یەسنای گاتاكانی زەردەشت: ئەشاوۆ فرە دەسای ئەسپەرێزەتا تواڤـانەس مـەزدا ئەهـوورا یەدا
شاهۆ چیایەكە لە كێوەكانی زاگرۆس لە هەورامان! ئەسپەریزیش كێوێكە لە باوەشی شاهۆیە و لە هەورامانە و لە نێوان سنە و مەریواندا هەڵكەوتووە! ئەمە هاتی (٣١)ە لە بەندی ١٦ی گاتاكانی زەرەدەشت! واتای ئەم شیعرە ئەوەیە لە خوارەوە: شاهۆ هەتا دەگاتە ئەسپەرێز، ئەمبەر و ئەوبەر زنجیرە چیایە، چەمی دووئاوانیش كە لە خوارییانەوە دەڕوا، مەزدا ئەهوورا پێی بەخشیوین! بۆ ئاگاداریی: مادەكان گوتوویانە: مەزدا ئەهوورا، بەڵان پارتەكان گوتوویانە: ئەهوورا مەزدا!

## پالەویی، كەڵوڕ؟

كەڵوڕ هۆزێكی گەورەیە لە هۆزە كۆنەكانی كورد، كە بە زاراوەی پالەوی قسە دەكەن و ئەم هۆزە داگری چەندین تیرەیە و شوێنەمێنگەیان باشووری كوردستانی مەزنە كە شارەكانی: بەدرە، جەسان، كووت، عەمارە، زرباتییە، خانەقین، مەندەلی، كرماشان، سەحەنە، كرند، ڕێژاو، كەنگاوەر، قەسری شیرین، شائاوا (مەنەلی) كۆن، مێران، دێلۆڕان، سەرانسەری ئیلام و بەشێک لە لوڕستان و كوردەكانی بەغدا دەگرێتەوە. هۆزی كەڵوڕ لە هۆزی جاف گەورەترە و دەتوانین بڵێین گەورەترین هۆزی كوردن كە بە پالەویی قسە دەكەن.

## قەڵەمڕەوی زاراوەی پالەویی!

لە شاری قەزوێن و دەوروبەری بن زاراوەیەک هەیە كە لە زمانی فارسیدا نییە و ئەم شێوە ئاخاوتنە تەنیا لە كوردیدا هەیە و ئەویش لە زاراوەی لەكیی و كەڵوڕیدا ماوەتەوە، وەكوو: كردمانی واتە: دەمانكرد و كردتانی واتە دەتانكرد، كە تەنانەت لە شیعری فارسیی كۆنیشدا بوونی نییە!؛ لە كۆندا بەمانەیان گوتووە: تیرەی مانی!؛ مانایەكی دیكەی مانی واتە: بێهاوتا و نادر؛ لە زاراوەی پالەوی یان كەڵوڕیی كۆندا گوتراوە (مانیک)، واتە لەمەڕ خانوو، لەبارەی خانووەوە؛ واتایەكی دیكەی مانی، ئەوەیە كە: (مانی) نیگاركێشێكی سەردەمی ئەردەشێری پاپەكانی كورد بووە، كە بانگاشەی پێغەمبەریی كردووە و بارامپاشای كوڕی هورموز كوشتوویەتی! هەروەها (مانە) كە بە ڕیشەی ئەم نێوەوە نزیكە، یان دەتوانین بڵێین: هاوریشەن، نێوی گوندێكە لە نێوان (ئەرمیان و سەمەلقان)، لە ناوچەی بجنوورد كە كوردن و لە هۆزی شادلوون؛ هەروەها مانە ناوچەیەكە لە بجنوورد كە داگری ٢٧ گوندە و هەمووی كوردن؛ دەڵێن: مانی لە گوندێک بە نێوی (مەردینۆ) لە ناوچەی بابل لە دایک بووە و لە بنەڕەتدا نێوی (كۆرنیكاس كوڕی كاتن) بووە و شاگردی قادرونی چازان(حكیم) بووە، دینی زەرەدەشت و دینی مەسێحی پێكەوە تێكەڵ كردووە و دینێكی لێدرووست كردووە و خەڵكی لە خڕ خۆ كۆ كردۆتەوە و چەند كتێبی وەكوو: ئەنگلیۆن و شاپوورگان و كەنزولئەحیا و سەفەرولجەبابرە و كۆمەڵێک گوتاری نووسیوە، ئەو كتێبانەش دواتر لە لایەن ڕۆسەم كوڕی مەرزەبان، لە كوردستان دۆزراونەتەوە و ناردوویە بۆ ئەبوو ڕێحانی بێروونی! مەردینۆ هەر شاری ئێستای (ماردین)ە لە كوردستانی بندەستی توركیە.

## بنە و بنەچەی پالەویی!

هۆزی بازرەنگی یا هۆزی بازرگان، یەكێكن لە هۆزە گەورە و دێرینەكانی كورد. لە كتێبی (المسالک و الممالک)دا، كە ساڵی ٨۴۶ ی زایین نووسراوە، هاتووە: لە ناوچەی شوانكارەدا چووار هۆزی گەورەی كورد ژیاون، بە نێوەكانی: هۆزی بازرەنگی (بازرگان)، هۆزی ئەردامی (هەورامی)، هۆزی گۆریا (گۆران)، هۆزی سوواران (شوانكارە). ئەم هۆزانە زۆر كۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ پێش لە دایكبوونی حەزرەتی مەسێح. لە سەرەتای سێهەمی زاییندا، ساسان نێوێک، گەورەی ئایینی زەرەدەشتی دەبێت لە پەرسگای (ئاناهیتا)دا، ناوبراو زۆر ڕۆشنبیر و زانا بووە و كچێكی لە هۆزی بازرنگی (بازەرگان)ی كورد خواستووە، ئەم كچە نێوی مینا بەهەشت بووە، یەكەم منداڵی مینا بەهەشت و ساسان كوڕ دەبێت و نێوی دەنێن پاپەک. كاتێ پاپەک گەورە دەبێت و خێزان پێكەوە دەنێت، ئەویش یەكەم منداڵی كوڕ دەبێ و نێوی دەنێ ئاردەشێر، لەم بنەماڵەیەوە ئیمپەراتۆری ساسانیی درووست بووە و ئایینی زەرەدەشت، ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی ساسان بووە و ئاڤێستا لەسەردەمی ئەماندا، لەسەر ٢١ پێستی گا، بە ئاوی زێڕ نووسراوەتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەكەوێ كە (مینا بەهەشت) دایەگەورەی ساسانییەكانە و فەیلییەكانی ئەمڕۆش كە لەبنەڕتدا خەڵكی ئیلامن، خاوەنی ئەم دەسەڵاتە بوونە.

## بۆ نموونە:

یاقووتی حەمەوی، لە سەردەی شەشەمی كۆچیدا، ناوی شارۆچكەیەكی لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی (كورد) هێناوە كە كەوتۆتە ناوچەی بەیزای پارس؛ دیارە ئەو شارە هەر ئەو شارەیە كە ئەمڕۆ لە ئێراندا بە (شهر كرد یان شاری كورد) بەنێوبانگە، بەڵام دواتر بە هۆی هێرشی عەرەب و نیشتەجێبوونی چەندین تیرەی عەرەب لەو ناوچەیە، كوردەكان تا دواهەناسە لە دەسەڵاتی ساسانییەكان بەرگرییان كرد، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی عەرەب و زۆر هۆی دیكە، كورد لەو ناوچەیە دەستیان بە كۆچكردن كرد بەرەو سیستان و زۆریان هەڵداژران بۆ خوراسان و شوێنانی دیكەی ئێران و بەرگی كوردیی و نەتەوایەتی لەو شارە دابڕا و كوردیش لە ناوچەی شیراز یان فارس، وردەوردە شوێنەواریان نەما.

## بۆ نموونە:

شاری بەدرە: ١. بەدرە كیسەیەک بووە كە لە كۆندا پارە و زێڕ و شتی وایان تێدا هەڵگرتووە؛ ٢. ناوی یەكێ لە سەردارەكانی خەشایارشای پاشای مادەكان بووە؛ 3. ناوی شارێكە كوردنشینە لە

سەرچاوە
Serchawe

باشووری کوردستانی بندەستی ئێراق کە کوردی کەڵوڕ تێدا دەژیا، بەڵام حوکوومەتی بەعس کردی بە عەرەبنشین و زمانی کوردیی لە پاشماوەی ئەو کوردانەی کە لەوێ مابوون قەدەخە کرد و لەناو عەرەبدا تواندنییەوە، هەرچەند ئێستاش هەستی کوردایەتییان هەر ماوە و زەبری زۆریان وێکەوتووە بەڵام خەڵکەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستانە هەتا ئەو کاتەی کە چارەنووسیان روون دەبێتەوە.

شاری زەندۆر: ناوی شارۆچکەیەک بووە، لە سەردەمی ساسانییەکان، لە ناوچەی کوردنشینی کووت لە لای عەمارە؛ حوکوومەتی بەعس دوایی ناوی ئەم شارەی کرد بە (عەلی غەربی)؛ لە سەردەمی ساسانییەکاندا ناوی شاری زەندۆر (کاسکار، یان کەسکەر) بووە و ناوی شاری (کووت)یش (ئەفروون)، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام، تووشی وێرانیی هات و لە گەشەکردن وەستا؛ پاشان دەوڵەتی بەعس، ناوی کووتی گۆڕی بۆ (واست) و کوردەکانیان بەرەبەرە دەرکرد و کۆمەڵێکیشیان لێ کوژرا و تەنانەت ٨٠٠٠ لاویان بە زیندووی بێسەروشوێن کرد و ئەو شارە کوردنشینەیان لە کورد چۆڵ کرد.

ئێستەخری: جوغرافیزانی گەورە ئێستەخری، لە ٣٤٠ ی کۆچیدا نووسیویەتی: بنەماڵەکوردەکانی شیراز ئەوەندە زۆرن کە لە ئەژمار نایەن؛ ابن حوقل لە ساڵی ٣٦٧ ی کۆچیدا نووسیویەتی: کوردەکانی پارس یان شیراز سەرووتر لە ١٠٠ تیرەن کە من بۆ خۆم ناوی زۆرتر لە ٣٠ تیرەیانم نووسیوە: خەسروی، شاکانی، ستامیری، ئێزەرکانی، بەندادمیری، رامانی، میرەکی، شاهۆیی و هیدیکە؛

مەقدیسی: مەقدیسی، ساڵی ٣٧٥ ی کۆچی لە کتێبی کتاب (احسن التقاسم فی معرفه القالیم) نووسیویەتی: ٣٣ هۆزی کورد لە پارس دەژین کە ئەژماریان ٥٠٠ بنەماڵەن؛ ابن بلخی لە فارسنامەدا نووسیویەتی: شان و شەوکەتێک کە لەشکری فارس هەیەتی لەبەر بوونی کوردەکانە کوردەکانی پارس لە کۆندا پێنج (زۆم) بوونە و هەر یەک زۆمیش سەد هەزار ناوچە (حومە)ی هەبووە!، ئەو شان و شکۆیەش کە لەشکری فارس هەیبووە بە هۆی ئەم کوردانەوە بووە، کە گەلێک زۆر بوون و ئەسپ و چەک و رەشەوڵاخیشیان هەبووە!)

یاقووتی حەمەوی: یاقووتی حەمەوی، لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا باسی شاری کورد (شهر کرد)ی شیرازی کردووە و زۆر لە نووسەرانی دیکەی دنیا باسی کوردەکانی ناوچەی شیراز یان فارسیان کردووە کە لە دەوروبەری ساسانییەکاندا بوونە چونکە بەر لە هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە، شیراز شوێنەمێنگەی ئەو کوردانە بووە کە لە سەردەمی مادەوە لەوێ ژیاون هەتا سەردەمی ساسانییەکان. خانیک و خانیل ناوی دوو هۆزی کورد بوونە لە ناوچەی شیراز، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و دواتر ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوونە و زۆربەشیان بە دەستی تورک و عەرەب لەناو چوون.

ئیبنو خەلەکان: ئیبنوخەلەکان کە خۆی کوردە، لە کتێبی (وفیات الاعیان)دا باسی خێڵ و تیرەی کورد دەکا لە خوراسان و دەڵێ: لە سەدەی دووهەمی کۆچیدا، ئەبوو موسلیمی خوراسانیی لەناو کوردانی ئەوێدا سەری هەڵدا. لە راستیشدا راست دەکا، چونکە ئەبوو موسلیم زەردەشتیی بوو و لەتاو هێرشی عەرەب هەڵاتە ئەوێ؛ دیسان بۆ وەبیرهێنانەوە، ئەبوو موسلیمی خوراسانیی لە دژی ئەمەویەکان راپەڕی و لەشکری بردە سەریان و لە قەراخ زێی بادینان لە ساڵی ٧٥٠ زایینیدا شکاندنی و کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێنا؛ ئەبوو موسلیم دوای ئەم سەرکەوتنەی، (ئەبولعەباس سەفاح)ی لە (٧٤٥ تا ٧٥٠)ی زایینی لە سەر تەختی دەسەڵات دانا و بەمەش زنجیرەی خەلافەتی عەباسییەکان دەستی پێکرد؛ ئەو کارەی ئەبوو موسلیم بوو بە هۆی ئەوە کە (ئەبوو جەعفەری مەنسوور) (٧٥٤ تا ٧٧٥)، لەو دەسەڵاتە بترسێ و لە هەلێک دەگەڕا هەتا بە پێی پیلانێک ئەبوو موسلیمی کوشت و پاشان بە شمشێر کەوتنە ناو هاوکارەکانی و هەموویانیان قڕچ و بڕ کرد و ئەبوو دەلامەی شاعیری دەرباری خەلیفەش لە خۆشی کوشتنی ئەبوو موسلیمدا ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەی بە عەرەبی داناوە:

ابـا مجـرم غیـراللـه نعـمه علـی عبده حتی یغیرها العبد

افی دوله المنسور حـاولت غـدره الا ان اهـل الغـدر ابائک الکرد

واتە: ئەی تاوانبار، خودا لە بەندەی خۆی ناگۆڕێ، ئەگەر بەندە لە خۆی نەگۆڕێ، تۆ لە دەوڵەتی مەنسووردا، ویستت ستەمی لێ بکەیت، چونکە باوکە کوردەکەیشت هەر ستەمکار بوو!!

دانەری کتێبی مێژووی سیستان کە نزیک بە هەزار ساڵی پێش نووسراوە، دەڵێ: بە هۆی زۆربوونی کورد لە سیستان، یەعقووب لەیسی سەفاری، میرێکی بەناوی عەبدولرەحیم جاریجی (جاڕچی) بۆ کوردەکان دەسنیشان کرد؛ ئەو کوردانەی فارسیش بوون کە یارمەتی یەعقووبی لەیسیان دا لە دژی دەستدرێژییەکانی خەلیفەی عەباسی و نەیانهێشت فارس داگیر بکا؛ کورد نەخش و دەوری کاریگەریی هەبووە لە مێژووی ئێران و درووسکردنی ئەو وڵاتەدا بەڵام بە داخەوە فارسەکان ئێمە بە (مەرزداری غەیوور) ناومان دەبەن و جگە لە شووتی دانەژێرباڵی کورد، هیچ شتێکی دیکە نییە و خۆیان لە کورد بە سەرووتر دەزانن و کورد بە ژێرماڵە.

## ئێستای فەیلییەکان!

کوردی فەیلیی (پالەویی)، کە لە باشووری کوردستانی گەورە ژیاون، لە سەرەتا وەکوو هەموو کورد، ئەوانیش رەدووی ئاییینی یارسان بوونە، بەڵام دوای لەدەستدان و رووخانی دەوڵەتی ساسانیی، کە ناوچەی نێشتەجێبوونیان لە شیرازەوە دەستی پێکردووە هەتا ئیلام و لەوێشەوە هەتا تیسفوونی خاکی ئێراق، بەرانبەر بە عەرەبی موسڵمان کە بە تۆپزیی هێرشیان کردۆتە سەر خاکی کوردستان و ئەو خەڵکەیان بە زۆر کردووە بە موسوڵمان، ویستوویانە پەرچە لە بوون و مانی خۆیان بکەن، بەڵام دوای گەلێکساڵان شەڕی خوێناویی، نزیکەی ٤٠ تیرەی ناوداری ئەم هۆزە گەورە، تووشی پەرتەوازەبوون و لەناوچوون هاتوونە و شوێنەواریان نەماوە. ئەوەشیان کە ماون دوای رووخانی ساسانییەکان و هاتنی عەرەب بۆ کوردستان دەچنە سەر ئاییینی ئیسلام و دوای دەسەڵاتی سەفەوییەکان دەچنە سەر ئاییینزای شیعە. بۆ نموونە ئو کوردانەی کە لە سەردەمی قاجارەکان و سەفەوییەکاندا هەڵداژرانە خوراسان و مازەندەران و گێلان، هەر هەموویان لە لایەن دەسەڵاتی سوواری ئەو سەردەمەوە کران بە شیعە.

کوردی فەیلی (پالەوی)، بەر لە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان شەڕی عوسمانیی و سەفەویی، زەرەری زۆریان لێکەوت، وەک لە سەرەوە نووسیومە، دوای کۆچکردنیان بۆ بەغدا و نەجەف و شارەکانی دیکەی ئێراق، کێشەی زۆریان هاتە سەر ڕێگە، لە ئێراقدا دەستی باڵایان هەبوو، لە کاروباری دەوڵەتدا دەستیان زۆر دەچوو، چونکە لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەغدادا ریشەیان هەبوو، دوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم لەبەر ئەوەی بەرگرییەکی باشیان لە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم دژ بە بەعسییەکان کرد، دوای شکستی عەبدولکەریم قاسم، تووشی کوشتن راوەدوونان بوون. ساڵی ١٩٤٥ ئاخرین یانەی فەرهەنگیی فەیلییەکان لە بەغدا داخرا، ساڵی ١٩٧٠ دەست بە هەڵداشتنیان کرا بۆ ئێران بەناوی ئێرانیی و شیعەبوون، ساڵی ١٩٨٠ش هەر بەو شێوەیە تووشی هەڵداژران و راوەدوونان بوونەوە بۆ ئێران و خەڵکێکی زۆریان لێکوژراو و ئەژمارێکی زۆریشیان بێ سەروشۆن بوون، لە شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی بارزانیی و شۆڕشی نوێی و شۆڕشی گوڵانی کوردستاندا بەشدار بوونە و خاوەن شەهیدن. راستە بە هۆی وشکەڕۆیی هەندێکیان لەبەر ئەوەی کە شیعەن و هەروەها باری ئابووری لە بەغداد بەسراونەتەوە بە هەندێ لایەنی عەرەبی شیعەوە، بەڵام فەیلییەکانی بەغداد، ئێستاش هەر سەربەرزانە ماون و خۆیان بە کورد دەزانن و هەموویان بە هیوای ئەوەن کە کوردستان لە کێشەی سیاسیی رزگاری ببێ و کورد بە مافی رەوای مێژینەی خۆی بگا و ئەوانیش بگەڕێنەوە باوەشی نەتەوەکەیان.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی

سەرچاوە
Serchawe



# دوعا و سەردەشت ویستیان چی بکەن و چی بڵێن!

تاهیر حەسەن

خۆشەویستی و ئازادی دوو چەمکن ناتوانن بێ یەکدی بژین. لە کۆمەڵگایەکدا ئەم دوو چەمکە بونی نەبێت یان ئاستی تێگەیشتن لێیان هێندەی ئەو ئاستە بێت کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا دێتەوە، دیسانەوە دەکەوینە نێو ڕەهەندی تێگەیشتنێکی ناکامڵ لەم دوو چەمکە.

دوعا ئەو مرۆڤە سادەیە بوو، ویستی بەبێ ئاوڕ دانەوە لەو دیوار و کۆسپانەی کە دین و عەقڵیەتی خێڵی پیاوسالاری بەرگری لە مانەوەیان دەکات، بیان بەزێنێت و بە ئارەزومەندانەی خۆی خۆشەویستی بکات. بۆ خۆشەویستی کردن کۆی سنورەکان بێمانا دەبن، ئیتر سنوری ئاین بێت یان نەتەوە و نیشتمان. خۆشەویستی کردن پەیوەستە بە هزر و ئیرادەی تاکەوە نەک پەیوەست بێت بەوەی لەلایەن کۆمەڵگاوە یان دەسەڵات و خێڵەوە بێن سنورەکانی بۆ دیاری بکەن. ٢٠٠٧/٤/٧، ئەو چرکە ساتە پڕ لە شەرمەزاریەیە کە عەقڵیەتی تەسک بینی دینی و خێڵ نایەنە نێو تەوێڵی خۆیانەوە. کاتێک بەپێی خواستی سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەت، لە ڕێی پیاوە گوێ لەمست و کۆیلەکانیانەوە بەر بونە هەنجڕ کردنی جەستەی پاکی دوعا بەبلۆک و بە بەرد، هەر ئەو ساتە، هێزی دەسەڵاتیش ئامادە بوو لە نەخشاندنی ئەو مێژوە پڕ لە شەرمەزاریەدا. پۆلیس هەمیشە هێمایە بۆ دەسەڵات، بونی ئەو پۆلیسانەش لەوێدا، وە بێدەنگە کردنیان بەرانبەر ئەو مەرگەساتە سریالییە، نیشانەی ڕەزامەندی دەسەڵاتی کوردی دەگەیاند لەو نێوەدا. ئاخۆ گەر پۆلیس کاری بەرگری کردنە لە حورمەتی تاک و ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵگاش، هۆکار چی بوو وانەیان توانی جەستەی دوعای پەپولە لەو دیمەنە قێزەونەی تێی کەوتبوو ڕزگار بکرێت؟ کاتێک دەڵێین چەمکی خۆشەویستی کردن دەبێت ئازادانە بێت، لێمان دێنە دەنگ پیاوانی سەربە دینەکان و پیاوانی سەربەخێڵ و دەسەڵات، دەڵێن ئێوە دەتانەوێت کۆمەڵگا بەرەو بەرەڵایی ببەن. ئاخۆ ئەوە بەرەڵایی و بێ ڕەوشتی پەروەردەی کۆمەڵگای پیاو سالاری نیە کە ڕۆژانە گوێبیستی کوشتنی ژنان دەبین؟ ئاخۆ کێن ئەوانەی ژنان بەگروپ و بە تاک بەرە و ڕێی لەشفرۆشی هاندەدەن؟ ئایا گەر تاکەکان بە ئارەزومەندانەی خۆیان خۆشەویستی بکەن و بەهرەمەند بن لە پێداویستیە ئابوری و خۆشیەکانی ژیانیان، دیاردەی لەشفرۆشی بونی دەمێنێت؟ کاتێک خۆشەویستی ئازادانە بونی نەبێت ئیتر هیچ مانایەک نیە بۆ ئەو کۆمەڵگا و دەسەڵاتەی بنی زمانی و سەری زمانی لێدوان بێت لە ئازادی تاک و پاراستنی حورمەتی کەسایەتی تاک.



کاتێک دیمان، پیاوانی ڕق ئەستوری کەللە پوت، چۆن بلۆک و بەرد دەگرنە جەستەیەک کە بێجگە لە خۆشەویستی و ڕێز هیچ بەدکاریەکی پێنەبوو بۆ تێکدانی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوە وکۆمەڵگا!؟ هەر لەو چرکەساتەدا، شەرمەزاری دەبێتە پەرچەمی دیار و ڕونی پەروەردەی باوی کۆمەڵگا! لە کۆمەڵگایەکدا تا ئێستا لە پێش مێژوی بەردەباران کردنی دوعا و دوای ئەو مێژوەش حیکایەتی کوشتن و سەربڕین و سوتاندنی ژنان هەر بەردەوامی هەبێت، بە چ پێوەرێک دەسەڵات کە بەرپرسە لە گیانی هاوڵاتیانی دەتوانێت بۆ چرکەیەکیش باس لە مافەکانی هاوڵاتیان و پاراستنی ئازادیان بکات؟ ئاخۆ ژنان لە دیدی دەسەڵاتەوە مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی تایبەت بەخۆیانن یان نا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە واقعیەیەی دەیبینین لە پەروەدردەی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا! دیارە ژنان تا ئەو ساتە بونیان هەیە لە لایەن چەمکی دین و دەسەڵاتەوە کە ژێر دەستەیی بن، نەک بەهرەمەند بن لە ئازادیە ئینسانیەکانی خۆیان؟ دوعا دەیویست بە خێڵ و کۆمەڵگا بڵێت؛ لێم گەڕێن باخۆم بتوانم چارەنوسی ئایندەی خۆم دیاری بکەم لەوەی کێم خۆش دەوێت؟ دوعا، بۆیە بوە بە سیمبولێک، تا لەو ڕێگایەوە کۆی کچان و کوڕانی کوردستان، لەو ڕۆژەدا تەحەدای کۆی ئەو فەرهەنگ و کەلتورە قێزەونە باوە بکەن و خۆشەویستی ئازادانە بخەنە سەر و کۆی پیرۆزی گەلێک کە لە مەینەتی زیاتر هیچ بەهایەکی نیە بۆ کۆمەڵگا و ئازادیەکانی تاک. ئاخۆ ئەوە پیرۆزی دینەکان و سنور بۆ دیاری کراوەکانی نەتەوە و نیشتمان نین ، هەمیشە لە پشت دیاری کردنی شوناسەوەن بۆ تاک کە سەر بە چ ئاین و نەتەوە و ڕەگەزێکە!؟ گەر لە کوردستاندا یاسایەک هەبوایە بۆ بەرگری کردن لە هاوڵاتیان و کەرامەتیان، حەتمەن نەدەبوو بەم ئەندازەیە ئیهانە بە کەسایەتی ژن بکرایە. بۆ دەسەڵات ئامادەیە فیشەک بە هاوڵاتیانیەوە بنێت بەڵام ئامادە نیە بەرگری لە مافەکانیان بکات؟

کاتێک دوعا و سەردەشت عوسمان دەبن بە هێما بۆ جیهان بینی خۆشەویستی ئازادانە و ئازادی دەربڕین، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرن، کە دەسەڵات پشکی هەیە لنێو ئەو دوو مەرگەساتەدا. ٢٠١٠/١/٥ ڕۆژی تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنوس و خوێندکاری زانکۆ سەردەشت عوسمانە. ئایا ئەم گەنجە دەیویسیت چی بە کۆمەڵگا و دەسەڵات بڵێت؟ ئاخۆ ئومێدەکانی تەنها لە نێو چونی ئەو جیهانە نایەکسانیخوازیە نیە کە ئێستا لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە؟ سەردەشت تەنها خواستی گەر لە شێوازێکی فەنتاسیانەشدا بێت لە ڕێی نوسینەکانیەوە دەردەبڕی، دەربڕی نەبونی جیهانێکە کە چینی هەژاری کۆمەڵگا بێبەریە لە خواست و ئازادیەکانی خۆی. نوسینەکانی هیچ کات بێحورمەتی کردن ناگەیەنێت بە هەیکەلەی خێزانی چینەباڵاکان لە کۆمەڵگادا، هێندەی دەخوازێت گەر ئەو دابەش کردنە چینایەتیە نەبوایە ئەوا ئێوەی دەسەڵاتداریش دەبوا لەگەڵ خەڵکی ڕەشوڕوتی کۆمەڵگادا، هاو باڵا بن. ئەو مرۆڤە ئازادیخوازە، هاوشێوەی خۆشەویستیە سادەکەی دوعا، دەیویست بە ئازادانەی خۆی بدوێت و کۆی سنورە حەرام و هێڵە سورەکان تێک بشکێنێت. شێوازێک لە خەبات کردن کە لە ڕێگای تواناکانی تاکێتی خۆیەوە دەیبردنە پێشەوە، تا ئەوەی لە کۆمەڵگادا هەلومەرجێک دروست بێ، چیتر مرۆڤ سنوری بۆ دیاری نەکرێت، چیتر مرۆڤێک نەبێت دەوڵەمەند و سەردار وە مرۆڤێک هەژار و ژێر دەست. پێم وایە جوانترین و پیرۆزترین ئومێدی هەبوو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازە. بەڵام ئەوە دەستی ڕەشتی دواکەوتوی و پیرۆز کردنی سنورەکانی هەیبەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و ناعەدالەتیە



کە چاویان بە مرۆڤ گەلێکدا هەڵنایە کە بیانەوێت بە خۆشەویستی و بە ئازادی ژیان بەرنە پێشەوە.

لێک گرێدانی ئەو دوو مێژوە وە نزیکایەتیان پێکەوە، لەو دەرئەنجامەوە دێت، کە ئەم دوو مرۆڤە هەڵگری جوانترین و پیرۆزترین شت بوون لە هزری خۆیاندا. ئەویش خۆشەویستی ئازادانە و جیهانی ئازادی ئینسانە. جیهانێک کە ترس و تۆقاندن و سنوردانان بونی تێدا نیە. جیهانێک پڕاوپڕ لە ماف و یەکسانیخوازی. یاد کردنەوەی ئەم دوو مێژوە، گەیاندنی کۆی ئەو مێژوە پڕ لە مەرگەساتانە

سەرچاوە
Serchawe

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

دەگەیەنێت، کە ڕۆژانە مرۆڤە بێدیفاعەکانی کوردستان تێیدا لەلایەن دەستی دواکەوتوی و نەبونی ئازادیەوە، دەبن بە قوربانی. ئاخۆ لە هەلومەرجێکدا تارمایی ترس لەوپەڕی توانایی ڕەشی خۆیدایە، ئازادی هیچ مانایەکی هەیە لەو نێوەدا؟ ئایا دەسەڵاتی کوردی کە هەردەم باس لە سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان دەکا، چ پێویستیەکیان بە پاراستنی جیهان بینی ترس هەیە؟ بۆ دەبێت مرۆڤە سادەکان وا پەروەردە بکرێن هەمیشە ئاگایان لە خۆیان بێت و ڕێگە ترسناکەکان نەگرنە بەر؟
کامەن ئەو ڕێگا ترسناکانە کە تاکی پێگۆش دەکرێت، لەوەی هەمیشە ملکەچی ڕێسا و نەریتە باوەکان بێت لە کۆمەڵگادا؟ ئاخۆ کۆی یاسا و ڕێسا و نەریتەکان بە قازانجی جیهانبینی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵات و ئاینەکان ناشکێتەوە؟ کاتێک مرۆڤێک تیرۆر دەکرێت لەسەر ئەوەی دەیەوێت ئازادی و خۆشەویستی لە کۆمەڵگادا بچەسپێت، ڕۆشنتر لەم پەیامە چیە؟ ئاخۆ بونی ئەو دوو چەمکە دەبنە هۆکاری ڕوخانی دەسەڵات و نەریتی باو لە کۆمەڵگادا؟ ئەگەر ببنە ئەو هۆکارەش، بەڵام لەکاتێکدا بە قازانجی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا تەواو ببێت بۆ ئەوەی ڕزگریان ببێت لەو ژیانە بێ خۆشەویستی و بی ئازادیە، ئیتر بۆ خەبات نەکرێت لە پێناو بەدەست هێنانی ئەو دوو ئامانجە بەرز و پیرۆزەدا؟ ئایا کاتێک دەسەڵات بۆخۆی دەبێتە بەشێک لە بەردەم لە خوێن هەڵکێشانی خۆشەویستی و ئازادیدا، ئەو دەسەڵاتە دەبێتە دەسەڵاتی کۆی کۆمەڵگا، یان تەنها بۆ قازانجی بەرەیک و چینێک کار دەکات، کە دوژمنی سەرەکییان جیهانێکە کۆی مرۆڤەکان تێیدا بەیەکسانی و بەرێزەوە بژین؟
دوعا و سەردەشت بوون بە دوو سیمبولی ڕێگای خۆشەویستی و ئازادی. بۆ کۆمەڵگاش گەر دەخوازێت ڕێزێک بەو دوو چەمکە بدات، دەبێت هەموو ببنە هەڵگری ئەو دوو چەمکە! بە پێچەوانەوە تا ئەو ساتەی چەمکی خۆشەویستی ئازادانە و ئازادی بونی نەبێت، هەردەم خۆمان لەبەردەم دوبارە بونەوەی دیمەنەکانی تیرۆرکردنی دوعا و سەردەشتدا دەبینینەوە؟؟؟؟؟؟

ماڵپەری ئەمرۆ

==============================================================

# نامەی چارلی چاپلین... بۆکچەکەی ژۆراڵدین

ئەم نامەیە یەکێکە لە نامە دەگمەنەکانی چارلی چاپلن وە بەیەکێک لە هەرە لایەنە شاراوەکانی کەسیەتی و جۆری بیرکردنەوەی چارلی دەژمێردرێت.




- ژۆراڵدین کچم! لێرە شەوە، شەوێکی نۆئێل!
- لە قەڵا بچکۆلەکەما هەموو سەربازەکان بە بێ چەک نووستوون؛ نۆ برا و خۆشک تو تەنانەت دایکیشت.
- بە زەحمەت توانیم کە بێ ئەوەی ئەم باڵندە خەوتوانە ڕاچڵەکێن، خۆم بگەینمە ئەو ژوورە بچکۆلەی وا نەختێ ڕووناکترە. ژووری چاوەڕوانی پێش لە مەرگ.
من زۆر لە تۆ دوورم. زۆر دوور ... بەڵام چاوەکانم کوێر بن ئەگەر تەنانەت بۆ ساتێ دیمەنی تۆم لێ دوور خەن.
وێنەی تۆ لەوێ لە سەر مێزەکە دایە و لێرە لە سەر دڵی منیش دایە. بەڵام تۆ لە کوێی؟ لەوێ لە پاریسی سێحراوی لە سەر سەکۆی پڕشکۆی شانۆی «شانزەلیزە » سەما ئەکەی. ئەمە ئەزانم و وەهایە کە ئەڵێی لەم بێ دەنگیەی شەوانەدا، دەنگی هەنگاوەکانت ئەبیسم و لەم شەوەزەنگە زستانییەدا، پڕشنگی ئەستێرەی چاوانت ئەبینم. بیستوومە کە ڕۆڵی تۆ لەم شانۆ پڕلە ڕووناکی و شکۆیە، ڕۆڵی ئەو شازادە ئێرانیەیە کە بە دەستی تەتەرەکان دیل کراوە. شازادە بە و سەما بکە. ئەستێرەبە و زریوەت بێ. بەڵام ئەگەر قاقای پێکەنینی ڕەزامەندانەی بینەران و بۆنی مەستی هێنەری ئەو گوڵانەی کە بۆتی ناردوون ماوەی ئەوەیان پێ دای کە نەختێ وشیارەوە بی، لە سووچێکا دانیشە و نامەکەم بخوێنە و گوێ ڕاگرە بۆ دەنگی باوکت.
من باوکی تۆم ژۆراڵدین! من چارلی چاپلینم. کاتێ مناڵ بووی شەوانی دوور و درێژ لات ڕائەکشام و چیرۆکم بۆ ئەوتی. چیرۆکی ئەو جوانەی کە لە بێشەدا نووستووە، چیرۆکی ئەژدیهای بێدار لە سارا دا... کاتێ خەو ئەهاتە نێو چاوە پیرەکانمەوە، تانەم لێ ئەدا و پێم ئەوت برۆ من لە خەونی کچم دا خەوتووم.
خەونم ئەبینی ژۆراڵدین! خەون... خەونی داهاتووی تۆ! خەونی ئەمڕۆی تۆ! کچێکم ئەبینی لە سەر سەکۆی شانۆ. فریشتەیەکم ئەبینی لە ئاسمان کە سەمای ئەکردو ئەمبیست بینەران ئەیانوت: چاوت لەو کچەیە؟ ئەوە کچی ئەو تەڵخەکە پیرەیە. ناوی لە بیرتە؟چارلی،
ئەرێ من چارلیم. کابرایەکی تەڵخەک. ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە سەما بکە. من بە پانتۆڵە دڕاوەکەمەوە سەمام ئەکرد و تۆ لە کراسی حەریری شازادە کانا. ئەم سەما کردنگەلە و بە تایبەت دەنگی چەپڵەی تەماشاچییەکان برێ جار ئەتبەنە ئاسمانەوە. بڕۆ بۆ ئاسمان، بەڵام جار جاری وەرەوە بۆ سەر زەوی و چاوێ بە ژیانی خەڵکا بگێڕە. ژیانی سەماکەرانی هەژار لە کۆڵانە تاریکەکاندا، کە بە سکی برسییەوە سەما ئەکەن، لە حاڵێکدا کە قاچیان لە هەژاری دا ئەلەرزی.
من یەکێ لەوانە بووم ژۆراڵدین!
لەو شەوە ئەفسانەیی گەلەی مناڵی دا کە تۆ بە لایە لایەی چیرۆکەکانی من خەوت لێ ئەکەوت، من هەر بە خەبەر بووم. ئەم ڕوانییەڕۆخساری تۆ. ترپەکانی دڵتم ئەژمارد و لە خۆم پرسیارم ئەکرد: چارلی! ئایا ئەم بەچکە پشیلە قەد تۆ ئەناسێتەوە؟ تۆ من ناناسی ژۆراڵدین! لەو شەوە دوورانە چیرۆکی زۆرم بۆت گێڕایەوە. بەڵام چیرۆکی خۆمم قەد بۆ نەگێڕایتەوە. ئەم داستانە زۆر سەرنج ڕاکێشە. داستانی ئەو تەڵخەکە برسیەی کە لە خوارترین گەڕەکەکانی شاری «لەندەن» دا گۆرانی ئەوت و سەمای ئەکردو سەدەقەی کۆ ئەکردەوە. ئەمە چیرۆکی منە. من تاڵی برسیەتی و ژانی بێ ماڵی و دەربەدەریم چێشتووە و لە گشت ئەمانە گرینگ تر، من ڕەنجی سووکایەتی کردن بەو تەڵخەکە دەربەدەرەم هەست کردووە کە زەریایێک سەربەرزی لە دڵیدا شەپۆلی ئەدا وعانەی سەدەقەی ڕێبوارێ خۆپەسەن

سەرچاوە
Serchawe

وشکی ئەکرد.

سەرەڕای گشت ئەمانە من زیندووم و لە زیندووان پێش لە مردنیان نابێ باس بکرێ.

داستانی من بە کاری تۆ نایێ . چاکتر وایە باسی تۆ بکەین.

ناوی من پاشگری ناوی تۆیە؛ - چاپلین- هەر بەم ناوەوە چل ساڵ خەڵکی سەرزەوێم پێکەناند و زۆرتر لەوەی کە ئەوان پێکەنین، خۆم گریام.

ژۆراڵدین! لەم جیهانا کە تۆ تێدا ئەژێی، تەنیا سەما و مۆسیقا نییە.

نیوەشەو کاتێ کە لە هۆڵی پڕشکۆی شانۆ دێیتە دەرێ، ئەو تەماشاچییە دەوڵەمەندانەی کە چەپڵەت بۆ لێ ئەدەن، لە بیر بەرەوە. بەڵام بپرسە بزانە حاڵی ئەم شۆفیر تاکسی یە کە ئەتگەیێنێتەوە بۆ ماڵ چۆنە. حاڵی ژنەکەیشی بپرسە...

ئەگەر دووگیان بوو و پارەی بۆ کڕینی جل و بەرگی مناڵەکەی نەبوو، چەک بکێشەو بە نهێنی بیخە گیرفانی شووەکەیەوە. بە نوێنەری خۆم لە بانکی پاریس دا ڕام گەیاندوە ، تەنیا ئەم جۆرە خەرجیانەی تۆ بە بێ پرسیار قەبوڵ بکات. بەڵام بۆ دیکەی خرجەکانت ئەبێ فاکتۆر بنێری.

جار جار بە پاس یا مێترۆ لە شارا بگەڕێ. سەیری خەڵک بکەو لانی کەم ڕۆژێ یەک جار بە خۆت بڵێ: منیش یەکێ لەوانم. بەڵێ تۆ یەکێکیت لەوان کچم. هونەر پێش لەوەی کە دوو شاباڵی فڕین بە مرۆڤ بدات، زۆرکات دوو قاچەکەیشی ئەشکێنێ. هەر کات هەستت کرد کە خۆت لە تەماشاچییانی سەما بە گەورەتر ئەزانی، هەر ئەو کاتە شانۆ بە جێ بێڵە و بە یەکەمین تاکسی خۆت بگەیێنە قەراخی پاریس. من ئەو شوێنە چاک دەناسم. لە سەدان ساڵ لەمەوبەر ئەوێ لانکی بەهارانەی قەرەجەکان بووە. لەوێ سەما کەرانی وەکوو خۆت ئەبینی. جوانتر لە تۆ، چالاکتر لە تۆ. لەوێ لەجیاتی گڵۆپە گەورەکانی هۆڵی شانزەلیزە، تریفەی مانگ ڕووناکی ئەبەخشێ:



سەیر کە. باش سەیر کە. ئایا چاکتر لە تۆ سەما ناکەن؟ دانی پیانێ کچم! هەمیشە کەسێ هەیە کە باشتر لە تۆ سەما ئەکا. هەمیشە کەسێ هەیە کە باشتر لە تۆ ساز ئەژەنێ و ئەمە بزانە کە لە بنەماڵەی چارلی دا هەرگیز کەس ئەوەندە لە خۆبایی نەبووە کە بە دۆرۆشکە چیەک یا سواڵکەرێکی کەناری چۆمی «سێن» جنێو بدات.

من ئەمرم و تۆ ئەژیت. هیوای من ئەوەیە کە هەرگیز بە هەژاری ژیان نەبەیتە سەر. لە گەڵ ئەم نامەیە چەکی سپیت بۆ ئەنێرم، هەرچەنێ پارەت ویست تێدا بینووسە و وەری گرە. بەڵام هەمیشە کاتێک کە دوو فرانک خەرج ئەکەی بە خۆت بڵێ: دووەمینیان هی من نییە. ئەمە ئەشێ هی پیاوێکی نەناس بێت کە ئیمشەو پێویستی بە یەک فرانک هەیە. ئەگەر سەبارەت بە پارە و سککە لە گەڵتا قسە ئەکەم بۆ ئەوەیە کە لە فریو و سێحری ئەو دوو مناڵەی شەیتان ئاگادارم.

من ماوەیێکی زۆر لە »سێرک» دا ژیاوم و هەمیشە نیگەرانی ئەو تەناف بازانە بوومە کە لە سەر تەنافێ ناسکەوە ئەڕۆن بە ڕێدا و ئەم ڕاستیە بە تۆ ئەڵێم کچم کە:

خەڵک لە سەر زەوی پان و بەرین دا زۆرتر لە تەناف بازەکان ئەکەونە خوارەوە. ڕەنگە شەوێ زریوە زریوەی بەنرخ ترین ئەڵماسی ئەم جیهانە فریوت بدات. ئەو شەوە ئەم ئەڵماسە ئەبێ بە تەنافی لەرزۆکی ژێر پیێ تۆ و بێ گومان ئەکەویتە خوارەوە. ڕەنگە ڕۆژێ ڕوخساری جوانی شازادەیەک بتخەڵەتێنێ، ئەو ڕۆژە تۆ ئەبی بە تەناف بازی ناشی و تەناف بازانی ناشی هەمیشە زوو ئەکەونە خوارەوە.

دڵ بە زێڕ و زیو مەبەستە. چونکە گەورەترین ئەڵماسی ئەم جیهانە هەتاوە کە بەختەوەرانە ئەم ئەڵماسە لە گەردنی هەمووانا دەدرەوشێ. بەڵام ئەگەر ڕۆژێ دڵت چوو لە هەتاوی ڕوومەتی پیاوێ، لە گەڵیا یەکدڵ بە. بە دایکتم وتووە سەبارەت بەمە نامەیێکت بۆ بنووسێ، ئەو ئەوین باشتر لە من ئەناسێ و بۆ قسە کردن لە سەر یەکدڵی لە من شیاو ترە.



کاری تۆ زۆر دژوارە؛ ئەزانم کە لەسەر سەکۆی شانۆ تەنیا قوماشێکی حەریری ناسک گیانت دائەپۆشێ. بۆ هونەر ئەتوانی رووت و قوت و کەنیشکانە بچیتە سەر سەکۆی شانۆوە و پۆشراوتر و کەنیشکانە تر بگەڕێیتەوە. بەڵام هیچ شت و هیچ کەسێکی تر لەم جیهانەدا نییە کە شیاوی ئەوە بێ کە کچێ نینۆکی قاچی لە بەر ئەو ڕووت بکا. ڕووتی، نەخۆشی سەردەمی ئێمەیە و من پیرەمێردێکم و ڕەنگە قسەی قۆر بکەم. بەڵام بە گومانی من گیانی رووتی تۆ ئەبێ هی کەسێ بێ کە ڕۆحی ڕووتی تۆی خۆش ئەوێت.

ئەمەش بزانە ئەگەر ئەندێشەی تۆ لەم بارەوە هی دە ساڵ لەمەوبەر بێت

،- هی خولی پۆشراوی- مەترسە. ئەم دە ساڵە پیرترت ناکا.

بە هەر حاڵ هیوادارم تۆ دوایین کەسێ بی کە ئەبی بە خەڵکی دورگەی ڕووتەکان. ئەزانم کە باوکان و مندالان هەمیشە شەڕێکی بەردەوامیان پێکەوە هەیە. لە گەڵ من یا ئەندیشەکانی مندا شەڕ بکە... کچم! من حەز لە منداڵێ ناکەم کە زوو شت قەبووڵ بکا.

سەرەڕای من ئەم نامەیە تەڕ بکە، ئەمەوێ دڵ خۆشیێک بە خۆم بدەم:

ئەمشەو شەوی بابا نۆئێلە. شەوی موعجێزەیە و هیوادارم موعجێزەیەک ڕوو بدات تا تۆ ئەو ڕاستیانەی کە بۆت وتم، جوان تێ بگەیت.

چارلی ئیتر پیر بووە ژۆراڵدین! درەنگ یا زوو لە جیاتی جل و بەرگی سەما، ڕەنگە ڕۆژێ جلی ڕەش بپۆشی و بێیتە سەر مەزارەکەم.

رازی بە زەحمەتی تۆ نیم. تەنیا جارجارێ لە ئاوێنەدا بڕوانە بە ڕوخساری خۆتا، لەوێدا من ئەبینی. خوێنی من لە دەمارەکانی تۆ دایە و هیوادارم تەنانەت ئەو کاتەی کە خوێن لە دەمارەکانی مندا وشک ئەبێت. چارلی- باوکت- لە یاد نەکەی.

من فریشتە نەبووم، بەڵام تا ئەو جێگەی کە لە تواناما بوو هەوڵم دا مرۆڤێ بم، تۆیش هەوڵ بدە.

چاوەکانت ماچ ئەکەم.

ئیمزا چارلی چاپلین .

سویسرا ١٩٦٤

سەر چاوە شەقلاوە

سەرچاوە
Serchawe



# لە ئافرەتە ناودارەکانی کورد قەدەمخێر

ڕەزا شوان / نەرویج

« قەدەمخێر ئەی خوشکی پۆڵایین ــــ کۆشکی پەهلەویت هێنایە لەرزین » لە زووەوە کورد وتوویەتی :« شێر لە لانە دەرچێ چ نێر چ مێ » مێژووی دێرین و نوێی پڕ لە شانازی و شکۆداری گەلەکەمان ، لاپەڕە زێڕینەکانی بە ناوی دەیان ئافرەتی هەڵکەوتووی کوردمان لەهەموو بوارەکاندا ڕازاندۆەتەوە کە هەریەکەیان لە بوارێکدا ڕۆڵێکی بەرز و گرنگی بینیوە لە خزمەتکردن و و بەرگریکردن لە کورد و کوردستان ، لە زانست و زانیاری ، لە بنیاتنانی شارستانێتیدا، لە ناویاندا شازادە و میرزادە و سەرکردە و شاسواری ئازا و دلێر و شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە و فەرمانڕەوا و زانا و دانا و سیاسەتمەدار و شاعیر و نووسەر و ئەفسەر و مامۆستای زانکۆ و... تا دەگاتە پەڕلەمانتار.



ئەگەر گەشتنامە و یاداشت و کتێب و نووسینەکانی ئەو گەشتیار و گەڕیدە و کوردناس و بازرگانە بیانییانە بخوێنینەوە ، کە هاتوونەتە کوردستان و بە چاوی خۆیان ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی ئافرەتی کوردیان بینیوە ،بە ویژدانەوە لە سەریان نووسیون..هەموویان چەخت لەسەر ئەوە ڕاستییە دەکەن کە ئافرەتی کورد نموونەی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە..لە ئافرەتانی تورک و فارس و عەرەب ئازادتر و سەربەسترن ،لە هەموو بوارەکاندا شان بەشانی پیاوان تێدەکۆشن و خزمەت دەکەن..لە بەرگری و شەڕیشدا لە جیهاندا بێوێنەن.

یەکێک لەو ئافرەتە ناودارانەمان،میرزادە« قەدەمخێر»ی نەمرە،کچە قارەمان و کەڵە سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی نەبەردی کورد بوو،شۆڕەسوارێکی زۆر بەجەرگ و دلێر و چاونەترس بوو، کورد و کوردستانپەروەرێکی کەم وێنە بوو ،کوردستانی لە گیانی و ژیانی لاشیرنتر بوو.هیوا و ئاواتی ئەوەبوو کە کورد و کوردستان لە داگیرکەرانی ڕەگەزپەرست و بێویژدان ڕزگار بکات. بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە پیرۆزەش لە گیانبازی و لە مردن سڵی نەکردەوە. چیتر جەور و زوڵم و ناهەقی و چەوسانەوەی کوردی ، لەلایەن شای ئێران ڕەزا شاه پەهلەوییەوە ، پێ قبووڵ نەکرا، کەم بژی و کەڵ بژی ی لە ژیانی ژێردەستی و دیلی پێخۆشتر بوو، بۆیە چەکی کوردایەتی و مەردایەتی کردە شانی و، لە ناوچەی لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ، جارێ ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕاگەیاندا ،ویستی سەربەخۆیی لورستان ڕابگەیەنێت..ئەم شۆڕشەش هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشەکەی سەرکردەی گەلەکەمان سمکۆی شوکاک، و شۆڕشی ئەزەرییەکان لە ئێران..بە بەراورد لەگەڵ کچە سەرکردەی شۆڕشی فەرەنسا «ژاندارک» لە دژی ئینگلیزەکانی داگیرکەری وڵاتەکەی،قەدەمخێری کورد زۆر لەویش ئازاتر بوو..بەڵام هەردووکیان بە نامەردی لەناوبران. میرزادە « قەدەمخێر»کچی میر« قەندی قەلاوەندی »یە، کە یەکێک بوو لە میرەکانی میرنشینی لورستانی بچووک..لە هۆزی لوڕی فەیلییە، کە ناسراون بە قارەمانی و جوامێری و خۆشەویستی و دڵسۆزییان بۆ کورد و کوردستان. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە،یا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا قەدەمخێر لەدایکبووە ( بەداخەوە لە هیچ سەرچاوەیەکدا، ساڵی لەدایکبوون و ، ساڵی کۆچکردنیم بەرچاو نەکەوت ، بە تەلەفۆنیش پەیوەندیم لەگەڵ چەند خوشک و برایەکی ڕۆشنبیری فەیلیمان کرد ئەوانیش نەیان زانی) .قەدەمخێر کیژێکی جوان و باڵابەرز و شۆخ و شەنگ بوو، زۆر زیرەک و ژیر و وریا و بیرتیژبوو، جوانی و سوارچاکی وئازایەتی وکوردستانپەروەریی،بوو بە هەوێنی چەندین شیعر و گۆرانی بە تایبەتیش بە دیالێکتی فەیلی ، کە تا ئەمڕۆش هەندێ لەو گۆرانییانە کە بەسەر قەدەمخێردا هەڵدراون، لەسەر زاری برا فەیلییەکانماندا ماونەتەوە..کە باس لە دلێری و قارەمانێتی و شۆڕشگێڕێتی قەدەمخێر دەکەن.

لە ساڵی «١٩٢٥»دا، ڕەزا شای پەهلەوی بە ناهەق و بە فڕوفێڵ و نارەوا، دوا میری میرنشینی لوڕستانی بچووکی کوشت،کە » شامراد خان »ی برای قەدەمخێر بوو.ئەم ناهەقی و نامەردییەی شای ئێران ،بووە هۆی تووڕەیی و ڕقئەستووریی قەدەمخێر..بەڵێنی دا کە زورداری و ژێردەستی قبووڵ نەکات و نەهێڵی وڵاتەکەی ببێت بە پارووەیەکی ئاسان و شای ئێران قووتی بدات..لە ماوەیەکی کەمدا توانی هێزێکی باش لە فەیلییەکان پێکبهێنێت. جارێ ڕاپەڕین و شۆڕشی دا و خۆشی بوو بە سەرکردەی شۆڕشەکە ،ویستیشی سەربەخۆیی لوڕستان ڕابگەیەنێت ، بارەگای شۆڕشەکەشی شاخە سەرکەشەکانی لوڕستان بوو.چەندین جار و لە چەندن لاوە شێرانە پەلاماری سوپاکەی ڕەزا شایان دا، زەرەر و زیانێکی گەورەیان پێ گەیاندن و، زەخیرە و چەک و جبەخانەیەکی زۆریشیان لێیان دەسکەوت..شای ئێران ویستی عەشیرەتەکانی کوردمان بە پارە و پایە بخەڵەتێنێ وبیان کا بە جاش و،بیان کات بە گژی شۆڕشگێڕەکاندا بەڵام کەسیان ئەم ناپاکییەیان قبووڵ نەکرد و،ڕازی نەبوون دەسخەنە خوێنی براکانیان،] سوپای شاه چەند هێرشێکی تری کردە سەر شۆڕشگێڕەکان،بەڵام لە بەردەم بڕوای پۆڵایین و هەڵمەت و لێدانی گورچکبڕی شۆڕشگێڕەکان، خۆیان ڕانەگرت و زیاتر تووشی شکستی و زیان بوون..لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی ناوچەکانی لوڕستانیان لە سوپای داگیرکەری ئێرانی پاکردەوە.

قەدەمخێر نامەیەکی بۆ شێخ مەحموودی حەفید نارد..لە نامەکەیدا باسی ئەو زوڵم و زۆر و ناهەقییەی کردبوو کە لێیان دەکرێ و ،چۆنیش ڕەزا شای پەهلەوی ، زۆر بە نامەردی و نارەوا شامراد خانی کاکی کوشتووە..هەر لەو نامەیەدا ، داوای لە شێخی نەمر کردبوو ،کە سوپاکەیان بکەن بە یەک و بە یەک هێزەوە پەلاماری داگیرکەران بدەن لە ڕۆژهەڵات و لە باشووری کوردستاندا..ئەوەشی بۆ نووسیبوو،کە من ئامادەم هەموو شۆڕشگێڕەکانمان بخەمە ژێر فەرماندەی بەرێزتان،لەگەڵ هەموو ئەو چەک و جبەخانەیەی کە هەمانە، کە بەشی دوو ساڵی شەڕکردن دەکەن..بەڵام شێخ مەحموود گوێی بە نامەکەی نەدا و بەدەنگی داخوازییەکەیەوە نەهات.گوایە شێخ لەوە ترساوە کە ئەگەر ڕێکەوتنێکی وا بکات سوارەکانی لێی دووردەکەونەوە، چونکە لەوانەیە ئەوان بە هەڵە لێکیبدەنەوە و، وابزانن کە شێخ لە پێناوی سەروەت و سامانی میرزادەیەکی دەوڵەمەندا ئەم ڕێکەوتن و یەکگرتنەی کردووە.

ڕەزا شای پەهلەوی،دوای ئەوەی چەند جارێک سوپاکەی شکستی هێنا، پەنای بۆفێڵ و درۆ برد..بە کۆمەڵێک دیاریی بە نرخەوە، وەفدێکی بۆلای قەدەمخێر نارد،بەڵێنی ئەوەیان دایی کە شاه بڕیاری داوە کۆمەڵێک چاکسازی و ئاوەدانی لە لوڕستاندا جێبەجێ بکات و، باری گوزەران و ژیانی دانیشتوانیشی خۆشتر دەکات، بڕیاری لێبووردنی گشتیی بۆ هەموو چەکهەڵگرتووەکان دەرکردووە، داواشی کردووە کە قەدەمخێر شووی پێ بکات. قەدەمخێر لە وەفدەکە زۆر تووڕە بوو، وتی چی دیارییەکتان هێناوە هەرهەمووی لەگەڵ خوتاندا بیان بەنەوە ، دەقی ئەم قسەیەی منیش کە وەڵامی داخوازییەکەی شایەکەتانە پێی ڕابگەیەنن: «من ئافرەت نیم تا شوو بکەم ، بەڵکو تۆ ئافرەتی». قەدەمخێر زۆر بە باشی لە نیاز و مەبەستی گڵاوی شای بێڕەوشت گەیشتبوو کە چییە. بەڵام بەداخەوە هەندێک لە شۆڕشگێڕەکانی بڕوایان بەو لێخۆشبوونە کرد و بە چەکەکانیانەوە خۆیان دایە دەستەوە، ئەمەش بە زیانی شۆڕشەکە شکایەوە.

ڕەزا شاه کە ئەو وەڵامەی قەدەمخێریان پێ ڕاگەیاند ،زۆرگرژو تووڕە بوو..سوپایەکی زۆر و زەبەڵاحی بە بەهێزترین چەکەوە بەرەو لوڕستان بەڕێکرد..لە هیچ شتێک دەستیان نە دەپاراست و بە سەدان منداڵ

سەرچاوە Serchawe

و ئافرەت و پیری بێگوناهیان کوشت ، بە دەیان دێیان کاولکرد و سوتاند ، تاڵان و دزییان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و نەیان توانی شاخەکانی لورستان بگرن..شۆڕشگێرەکانیش لە دیوی گەرمیانی باشووری کوردستاندا ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە و، دووبارە هاتنەوە بۆ دیوی لورستان و لە چەند لایەکەوە هێرشیان کردە سەر سۆپاکەی شای ئێران و زەبرێکی کاریگەر و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن.

شای ئێران کە زانی مەحاڵە کە بتوانێت بە زەبری هێز و سوپا زاڵ بێت و کۆتایی بە شۆڕشەکەی قەدەمخێر بهێنێت.دووبارە کەوتە فێڵکردن و سوێند و بەڵێنی درۆ و پیلانی گڵاوتر.ئەمجارەیان ویستی لە ڕێی ئایینەوە کورد بخەڵەتێنێ ، ئەگەرچی ئەوە یەکەمین جار نەبوو کە لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا دوژمنان کورد بخەڵەتێنن .. شای نامەرد وەفدێکی تری بۆ لای قەدەمخێر نارد ، کە نامەیەکی تری بۆیّ پێیاندا ناردبوو ، هەر بە ئەم وەفدەدەشدا نوسخەیەکی قورئانی بە دیاری بۆ قەدەمخێر ناردبوو، لەسەر بەرگی یەکەمی قورئانەکەدا ، شای درۆزن مۆری شوێن دەستی خۆی لەسەر مۆرکردبوو، تا بڕوای پێبکەن گوایە مۆسوڵمانێکی لە خواترسە و، دەستی بە ئەم قورئانەدا داوە و نێتی پاکە و قورئانەکەش شاهیدە..ئەوەشی بۆ نووسیبوون کە لێبووردنی گشتی بەبێ هیچ مەرجێک ،هەموو چەک هەڵگرێک دەگرێتەوە،هەمووشتان دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆتان. و لورستانیش لە جاران ئاوەدانتر دەکەینەوە..زۆربەی شۆڕشگێڕەکان کە قورئانەکەیان بینی ، بڕوایان بە بەڵێن و بڕیار و بە درۆکەی شاە کرد، بە چەکەکانیانەوە خۆیان بە دەست سوپای ئێرانەوە دا.. تەنها قەدەمخێر و چەند کەسانێکی زۆر کەم نەبێت ،ئەوانیش کە زانیان هیچ دەرەتانیان نییە بە ناچاری خۆیان دا بەدەستەوە..گەرچی بڕواشیان بەو لێبووردنە نەبوو. سوپای دڕندەی ئێران هەر لەشەوی یەکەمدا ،زۆربەی شۆڕشگێڕەکانیان کوشت و قەدەمخێر و« ١٧» لەسەرکردەکانی شۆڕشەکەشیان ناردن بۆ تەهران ،

هەر دوای ڕۆژێک هەر حەڤدە سەرکردەکە لە سێدارە دران. هەندێک دەڵێن نامەردانە پرچی قەدەمخێریشیان بەست بە کلکی ئێسترێکی چەمووشەوە،هەموو گیانی شکا و خوێنی لێ دەچۆڕایەوە ،ئینجا خستیانە زیندانەوە ، بەڵام زۆر ئازا و خۆڕاگربوو ، داوای لێبووردن و بەزەیی لێنەکردن .. نەخۆش کەوت و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، ئەم شێرەکچە سەرکردەیەمان لە زینداندا بە سەربەرزی و مەردی کۆچی دوایی کرد . شانازی و سەروەریی بۆ کورد و کوردستان و، نەمریشی بۆ خۆی تۆمارکرد..شۆڕشەکەی قەدەمخێر سێ ساڵی خایاند.. بەپێی ئەوەی کە لەدوای شەهیدکردنی شامراد خانی کاکی،شۆڕشەکەی ڕاگەیاند ، لەوانەیە لە کۆتایی ساڵی «١٩٢٨» یا سەرەتای ساڵی«١٩٢٩»دا قەدەمخێر کۆچی دوایی کرووبێ ، تا ئێستا زانیاری زۆر کەمە دەربارەی ئەم سەرکردە کورد و کوردستانپەروەرە قارەمانە نەمرەی گەلەکەمان..ئەوەی کە شایانی باس و جێی داخە بە لای ئێمەوە ، ئەویە کە ئێمەی کورد تا ئەمڕۆش بە هۆی دڵپاکی و خۆشبڕواییمانەوە ، زۆر لە سەرکردەکانمان بوونەتە قوربانی خۆشبڕواییمان ، دوژمنانی گەلەکەمان ئەم خاڵە لاوازەی ئێمەیان قۆزتۆتەوە و ، بە بەڵێن و پەیمانی درۆ و فێڵوفەرەجە زۆر جار تەفرەیان داوین،تا ئەمڕۆش پەندمان لە هەڵەکان و لە قوربانییەکانمان وەرنەگرتووە. کەچی هەر خۆشمان دەڵێین:«دوژمن بوو بە پرد،بە سەریا مەپەڕەوە».

ماوە ئەوەش بڵێین ،کە هونەرمەندانی شانۆکار و دراما و سینەمەکارانی کوردمان ،دەتوانن سەرگوزشتەی ژیانی قەدەمخێر و شورشەکەی بکەن بە فلیمێکی سینەمایی یا درامایەکی تەلەفزیۆنی .. پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە لە شاری خانەقین یا لە هەر شارێکی تری باشووری کوردستاندا بێت، لە گۆڕەپانێکدا، پەیکەرێکی شایستە بۆ قەدەمخێری نەمر دروست بکرێت .

ماڵپەری گیارەنگ

==================================================================

# ئەشکەوتەکانی کوردستان :

### ١- ئەشکەوتی ئاوبارە

ئەشکەوتی ئاوبارە (یان کوولی ئاوبارە) یەکێک لە ئەشکەوتە قووڵەکانی کوردستانە کە لە تەنگی کانگاوی دێی ئاوبارە لە بەشی چلچەمە ی شاری دیواندەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەوتۆ لە سەر چۆنیەتی دروستبوون و مەودای ئەم ئەشکەوتە ئەنجام نەدراوە. بەڵام دانیشتوانی ناوچەکە مەودای ئەم کوولە بە ٤ تا ٧ کیلۆمتر مەزەندە دەکەن.

### ٢- ئەشکەوتی سەهۆڵان



ئەشکەوتی سەهۆڵان یەکێک لە ئەشکەوتە ئاوییە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە دەڤەری مەهاباد هەڵکەوتووە. ئەم ئەشکەوتە لە ٤٣ کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی شارستانی مەهاباد و لە نێوان ڕێگای مەهاباد و بۆکان هەڵکەوتووە.[١]

**پێگەی جوگرافیایی**

ڕووبەر: بیست هەزارمیتری چوارگۆشە

بڵیندایی لە سەرەوەی زەریا: ١٧٥١ میتر

نێونجی قووڵایی ئاو: ٢٢ میتر

زۆرترین قووڵایی: ٥٢ میتر



### ٣- ئەشکەوتی قزقاپان

ئەشکەوتی قزقاپان ئەشکەوتێکە لە هاوینەهەواری چەمی ڕێزان لە پارێزگای سلێمانیدا. ئەشکەوتەکە، بە بەرزاییی ١٠ مەتر، لەنێو شاخێکدا هەڵکەندراوە و کۆمەڵێک نەخشی مادەکان لەسەر دیوارەکانی داتاشراون.



ئەشکەوتەکە دەرگایەکی بچووکی هەیە بۆ چوونەژوورەوە کە لە باڵای مرۆڤ نزمترە. لەنێو ژوورەکەدا، سێ گۆڕی بچووک هەن بە بەرزیی مەترێک کە کۆمەڵێک ئاسەواری مێژوویییان تێدا بوو، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تاڵان کران.

### ٤- ئەشکەوتی قوری قەڵا

ئەشکەوتی قوری قەڵا، کە گەورەترین ئەشکەوتی ئاوی ئاسیایە، کەوتووەتە ٨٧ کم.ی باکووری ڕۆژئاوای کرماشان ( لە سەر ڕێ کرماشان-پاوە) و ٢٥ کم.ی شاری پاوە، لە نزیک گۆندی قوری قەڵا، و بەشێکە لە قەزای ڕوانسەر، ئەم ئەشکەوتە لە دەرەی مەڕان واتە دەرەی ئەشکەوتانە جێیەکی زۆر ڕازاوەو پڕ لە دار و درەخت. یەکێکە لە نایابترین ئەشکەوتانی کسڵ(ئاهەک)ی.

هەتا ئیستا نزیکەی ١٣ ک.م ئەم ئەشکەوتە لە لایەن ئەشکەوتوانانەوە دەر کەوتووە و هێشتا نەگەیشتوونە کۆتایی ئەشکەوتەکە. ئەم ئەشکەوتە خاوەنی چەندین تەلارە لەوانە: تەلاری بووک(عەرووس)، تەلاری زینەخ(بەرزەخ)، کە لە تەلاری بووک نزیکەی ٢٥ دانە لە ئستالاکمیت و ئستالاکتیتەکان بە شێوەی سەیوانی بەرەوخوار دەبینرێت کە شێوازێکی جوان دەنەخشێت. هەر وەها ستالاکمیت و ستالاکتیتەکان بە شێوازی بابانوئێل، ئەمیر کەبیر، ماکێتی شاری پاوە، ماسی، بۆرجی پیزا، دڵ، کارگ، سەری شێر، فیل، تاڤ، کیسەڵ، ملی قاز،

سەرچاوە Serchawe

حەزرەتی مریەم و..... دەرهاتوون. تەلاری بووک لە ١٥٠٠ متری دەروازەی ئەشکەوتەکەیە. لە تەلاری بلوور بە بۆنەی لێدانی ئاو و ئستالاکمیتەکان دەنگی سازێک وەک چەنگ و کەمانچە دەبیسرێت.

هەندێک پێیان وایە کە درێژەی ئەم ئەشکەوتە هەتا خاکی عێراق کێشراوە.

هەر وەها ئەم ئەشکەوتە پێشینەییێکی مێژویی زۆری هەیە، هەندێک شتی مێژویی لەم ئەشکەوتە دۆزراونەتەوە، لەوانە: کاسەی سەری ئینسان، سککە، هەندێ شتی سواڵەتی کە بە وێنەی راوی پەلەوەر رازراوە....



تەنا گیاندرێک کە لەم ئەشکەوتە دەژیت جۆرێکی شەمشەمەکوێرەیە لە دەستە شەمشەمەکوێرەی گوێچکە مشکی.

### ٥- ئەشکەوتی موکری قڕان


ئەشکەوتی موکری قڕان لە نزیک گوندی خۆراسانەی بۆکان کە لە سەردەمی شا عەباسی سەفەوی لەم ئەشکەوتەدا کارەساتێکی مرۆڤی روویداوە و سەدان مرۆڤی کوردی ناوچەی موکریان لەو ئەشکەوتە خزاندووە و بە دووکەڵ هەموویان قڕ کراون. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بیرەوەری ئەم کارەساتە مرۆڤییە لە زەینی مێژوویی خەڵکی ئەم ناوچەیە دا بمێنێتەوە.

### ٦- ئەشکەوتی کەرەفتوو

ئەشکەوتی کەرەفتوو، یەکێک لە بەرهەمە مەزنەکانی تەلارسازیی بەردیە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێهەمی زایینی. ئەم ئەشکەوتە مێژوویە لە مەودای ٧٥ کیلۆمتری نێوان دووشاری سەقز و دیواندەرە هەڵکەوتووە. نزدیکترین گوند بەم ئەشکەوتە دێی میرسەعیە کە لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەشەکەوتەکە هەڵکەوتووە. ڕێگەی سەرەکەی بۆ ئەم کوولە لە جادەی تیکابەوە دەڕوات. ڕێگاکە سەرەتا بە تێپەڕاندنی هەرێمێک بە ناو گۆڕباوەلێ دەست پی دەکات وە دواتر دەگاتە گوندی یوزباشکەندی و پاش دەرچوون لەم دێیە و تێپەڕاندنی ٣ کیلۆمتر دەگاتە ئەشەکەوتەکە.

### جوگرافیای ئەشکەوت

ئەم ئەشکەوتە لە ناو دڵی زنارێکی بەرز لە ناوچەی سەقز هەڵکەوتوە و ئاواییەکانی مەحموو ئاوا لە باشوور، میر سەعید لە رۆژئاوا، عەلی ئاوا لە باکوور و یوزباش کەندی لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئەشکەوتی کەرەفتوو هاوسنوورن.



کەرەفتوو ئەشکەوتێکی بەردی و سرۆشتیە و ئاسەوارە مێژوویەکانی ناو ئەشکەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی سێهەمی زەویناسی.

لە زۆر شوێنی ناو ئەشکەوتەکە ئاو بەرچاو دەکەوێت بەڵام کەمە و وەک گۆلاوی پاش باران دەچێت، هەروەها زۆر جێگای میچی ئەشکەوتەکە دڵۆپە دەکەن.

لە ڕابردوودا بە هۆی نیشتەجێ بوونی هۆزی جۆر بە جۆر ئاڵوگۆڕ و دەستکاری لە ئەشکەوتەکە بەدی هاتووە و ڕێگا و داڵانی تێدا درووست کراون.

بەرزایی ئەو درگایەی پێیدا دەچنە ژوورەوە ٢٠ تا ٢٥ میتر لە ئاستی زەوییەوە بەرزە کە بەم هۆیەوە لە ڕابردوودا ڕێگەی چوونە ژوور زۆر زەحمەت بوو.

لە بەشی پێشەوەی ئەشکەوتەکە چوار قات تەلارسازی و ڕەوەزە بەردی دەستکرد چێکراوە کە لە هەر قاتێکدا جگە لە درووست کردنی دیو و ژووری بە سەر یەکەوە، پەنجەرە و ڕۆچنە گەلێک بۆ گۆڕانی هەوا و پەیوەندی ژوورەکان پێکەوە بەرچاو دەکەوێت. پلیکان و قادرمەی لە بەرد تاشراوی نێو ئەشکەوتەکە و تەنانەت پشتیوان و کلۆمی دەرگا و پەنجەرە پێداخستن بواری پاراستن و ئەمنیەت و هێمنیش لە بەر چاو گیراوە و ڕەچاو کردنی ئەو تێبینیانە پیشاندەری پێشکەوتوویی تایبەتی تەلارسازی (مێعماری) ئەو سەردەمە نیشان ئەدات.

لە سەر دیواری هەندێک لە ژوورەکان و ڕاڕەوەکان، نەخش و نیگارگەلێک لە ئاژەڵان و گژ و گیا بەرچاو دەکەون. لە سەردەرانی درگای یەکێک لە ژوورەکان بە خەتی یۆنانی نووسراوەیەک لە بەرد هەڵکەندراوە، لەم نووسینەدا یادی خودایەک بە نێوی هێراکلۆس کراوە، هەر بەم بۆنەوە مێژوونووسانی کۆن لە کتێبەکانیاندا ناوی ئەم ئەشکەوتەیان بە پەرەستگای خودای یۆنانی هێناوە. لەم نووسراوەدا هاتوە:

ئەم ماڵە ماڵی هێراکلۆسە، هەر کەس پێ لەو ماڵە بنێ پەنا ئەدرێت.

هەبوونی ئەم نووسراوە بوەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک پێیان وایە دەبێ ئەشکەوتی کەرەفتوو ماوەێک بە شێوەی کاتی جێگای دانیشتن و حەوانەوەی سەلوکییەکان ( میراتگر و جێگەدارانی ئەسکەندەر مەقدوونی ) بووبێ کە دوای سەرکەوتنەکانی مێهردادی دووهەمی ئەشکانی بەرەو رۆژئاوای ئێران ڕۆیشتن.

درێژایی ئەشکەوتەکە نزیکەی ٧٥٠ میترە کە ئەو مەودایە دەیان پێچ و کەلێن و قوژبنی لێ دەبێتەوە، هەروەها ڕەهەند گەلی جۆر بە جۆری لێ جیا دەبێتەوە و هەر بەم هۆیە تاکو ئێستا هیچ کەس نەیتوانیوە بە تەواوی سەر و بنی ئەو هەموو کەلێن و قوژبنە بەرێتەوە سەر یەک و خەریتە و نەخشەێکی لێ ئامادە بکات.

تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بگاتە کۆتایی ئەم کەلێن و قوژبنانەی ئەشکەوتەکە، کە ئەمە بۆ خۆی بوەتە هۆی ئەوە کە ئەفسانە و چیرۆک گەلێکی زۆر لەم ناوچەدا بکەوێتە سەر زاران و تەنانەت ئەم خاڵە لە نووسراوەکانی نووسرانی ناوچەی سەقزدا ڕەنگی داوەتە و لەم بوارەدا دەیان چیرۆک و بەسەرهات تۆمار کراوە.

### گەشە پێدانی ئەشکەوتەکە

لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن کاربەدەستان و لێپرسراوانی ناوچەی سەقز بە تایبەت میراتی کولتووری و شارەزایانی بواری ئاسەواری پارێزگای کوردستان، بە مەبەستی گەشە پێدان و هێنانە ڕووی ئەم شوێنەوارەی ناوچەی سەقز، چەندین چالاکی کراوە کە گرینگترینیان بریتین لە:

لێکۆڵینەوە و پێدا چوونەوە لە بواری مێژووی ئەشکەوتەکە و دۆزینەوەی کەلێن و قوژبنەکان و خاوێن کردنەوە و هێنانە ڕووی ژوورەکان و لابردنی گڵ و بەردی زیادی نێو ئەشکەوتەکە.

کێشانی هێڵی کارەبا بۆ ژوورەوە و دەرەوەی ئەشکەوتە.

درووست کردنی پەینجە و پێ گۆڕ، لە دەرەوەی ئەشکەوت و دانانی پیلکان و قادرمەی ئاسن لە نێو ئەشکەوتەکەدا بۆ ئاسانکاری هاتووچوو کردن.

ساز کردنی جێگە و شوێنی حەسانەوە و دانیشتن بۆ گەشتیاران.

درووست کردنی حەوشەێکی گەورە و بەردچین کراو بۆ ڕاگرتنی ماشین و سەیارەی گەشتیاران.

کۆکردنەوە و دابەش کردنی ئاوی کانیەکانی دەوروبەری ئەشکەوت و کێشانی سۆندەی ئاو بۆ حەوشەی ئەشکەوتەکە.

درووست کردنی ژووری پارێزگاری و بلێت فرۆشتن و هەروەها سازکردنی مەستەراو.

دانانی پەرژین و پیلکان و قادرمە لە بەشە جیاوازەکانی نێو ئەشکەوت بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە ڕووداوێکی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو.

لە تازەترین لێکۆڵینەوە و گەڕان بە نێو ئەشکەوتی کەرەفتوو، دەیان پارچە ئاسەواری دەورانی پێش مێژوو و دەورەی ئیسلامی دۆزراوەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت.

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

سەرچاوە
Serchawe

# تەندروستی

## گەنمەشامی

گەنمەشامی Corn یەکێکە لەو دانەوێڵانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە سەرتاسەری جیهان بۆ خواردن بەکاردێت بە تایبەتی لە هیندستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. دانەوێڵەکان Cereals



بەگشتی وەکو سەرچاوەیەکی ئاسان و هەرزانی وزە سوودیان لێ وەردەگیرێت، هەر ١٠٠ گرامێکی زۆربەی دانەوێڵەکان نزیکەی ٣٣٠-٣٥٠ کالۆری بە لەش دەبەخشن، بۆ نموونە ١٠٠ گرام گەنمەشامی نزیکەی ٣٤٢ کالۆری تێدایە. گەنمەشامی چەندین ڤیتامین لەخۆدەگرێت وەکو: ڤیتامین A، ڤیتامین E، ڤیتامینەکانی ١B، ٢B، ٣B، ٦B، ٩B (فۆلێت). هەروەها گەلێک کانزای گرنگی تێدایە، لەمانە فۆسفۆر، مەگنسیۆم، زینک، کۆپەر، ئاسن، پۆتاسیۆم، سیلینیۆم Selenium کە سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە. سوودە تەندروستییەکانی خواردنی گەنمەشامی بریتین لە: پاراستنی پێست لە نەخۆشی، یارمەتیدانی کۆئەندامی هەرس بۆ هەرسکردن و هەڵمژینی خۆراک، پاراستنی تەندروستیی دەمارەخانەکان و فرمانەکانی کۆئەندامی دەمار، ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆلی خوێن کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشی دڵ زیاد دەکات.

### سوودەکانی

گەنمەشامی گەلێک مادەی گرنگی تێدایە لەمانە ڤیتامین ١B کە گرنگە بۆ کرداری زیندەپاڵی (میتابۆلیزمی) مادە کاربۆهیدراتییەکان، ڤیتامین ٥B کە چەندین فرمانی لەش گرنگی هەیە، فۆلێت Folate کە لەشچ بۆ دروستکردنی خانەی نوێ سوودی لێ وەردەگرێت و گرنگی زۆری هەیە لە پێش و لەکاتی دووگیانیدا بۆ پاراستنی کۆرپە لە سەقەتی زگماکی. هەروەها گەنمەشامی ڕێژەیەکی باشی لە ڤیتامین Cتێدایە کە مادەیەکی دژەئۆکسانی بەهێزە و سوودی هەیە بۆ بەهێزکردنی بەرگری لەش بەتایبەتی بەرگری دژی هەوکردنەکان. گەنمەشامی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەنی ریشاڵی خۆراکییە Fiberکە ڕێژەکەی دەگاتە پتر لە ١٨%ی پێویستی ڕۆژانە کە بریتیە لە ٢٥-٣٥ گرام بۆ مرۆڤی پێگەیشتوو. گرنگی گەنمەشامی زیاتر لەبەر ریشاڵی خۆراکییە کە ئاستی کۆلیستیرۆل لە خوێندا دادەبەزێنێت و ئەگەریی تووشبوون بە شێرپەنجەی قۆڵۆن دووردەکاتەوە. خواردنی گەنمەشامی هەفتانە دوو جار بە تازەیی یان هەتا بە فریزکراوی سەرەڕای ئەم سوودە تەندروستییانەی کە لە سەرەوەدا باسکران، یارمەتیدەرە بۆ کۆنترۆلکردنی ئاستی شەکری خوێن بەتایبەتی لە تووشبووان بە نەخۆشیی شەکرەدا. ریشاڵی خۆراکی دوو جۆری هەیە، جۆری تەواوە و جۆری نەتواوە، هەردووکیان سوودی زۆریان بۆ تەندروستی هەیە بەتایبەتی بۆ کۆئەندامی دڵ و سووڕان و کۆئەندامی هەرس.

## هەنار

هەنار لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە . تا ئێستاش جوولەکەکان هەنار لە هەندێ تقوسی ئایینی بەکار دەهێنن. ڕۆمان و گریک و فیرعەونەکان هەناریان ناسیوە ئەمەش لە نەخش و نیگاری سەر دیواری پەرستگاکانیان دەرکەوتووە. بنەچەی هەنار ئاسیایە بە تایبەتیش ئێران و هیندستان ، هەنار لە شامەوە ( سووریا ، ئوردن ، فەلەستین ، لوبنان ) گواستراوەتەوە بۆ باکووری ئەفریقا و میسر و حەوزی سپی ناوەڕاست . سێ جۆر هەنار هەیە ، هەناری شیرین و هەناری ترش و هەناری مزر کە تامەکەی لە نێوان ترشی و شیرینی دایە.



### چارەسەر بە هەنار

گیراوەکەی خاوکەر (مسکن)ە بۆ ئازار و باشە بۆ چارەسەرکردنی تا.

گیراوەی هاڕراوی گوڵەکەی باشە بۆ چارەسەرکردنی سکچوون و لەناودانی جۆرەکانی کرمی مشەخۆر.

کوڵاوی توێکڵەی هەنار باشە بۆ:

لەگەڵ هەنگوین وەکو نەرمکەر (بۆ نەرم کردن).

پاککەرە بۆ ناو دەم و سینگ و کۆکە ڕەشە.

دڵ و گەدە بەهێز دەکات و خوێن پاک دەکات و باشە بۆ کەمکردنی هەوکردنی جگەر و دژ بە ڕشانەوەیە، هەروەها ڕێژەی میزکردن زیاد دەکات.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرسکردن و دەبێتە هۆی هەرسکردنی خواردنی قورس و چەور.

کرمی مشەخۆر دەردەکاتە دەرەوەی لەش و باشە بۆ چارەسەرکردنی سکچوون.

کوڵاوی توێکڵەکەی باشە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست.

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## وتەی زانایان



# زەماوەند

ئەمیر باباخانی

لەنێوان مەتەڵەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها قسەی گەورە کەسایەتیەکانی جیهان سەبارەت بە "زەماوەند" چەند دانەیەکمان هەڵبژاردووە، کە زۆربەیان بۆ بزەی سەر لێوە، بەڵام لەوانەیە هێندێکیشیان باس لە بارودۆخی منو تۆ بکاو لەوانەشە بۆ هێندێکمان ببێتە ڕینوێن.



* ئەوین کازیوەی زەماوەندە و زەماوەندیش ئێوارەیی تاریکی ئەوینە. (باڵزاک)
* ئەو پیاوانەی تێدەکۆشن لە ژنان تێبگەن، تەنیا سەردەکەون کە لەگەڵیان زەماوەند بکەن. (بێن بیکێر)
* بە زەماوەند کردن، پیاو خەتێک بەسەر رابردۆکەیدا دەکێشێ و ژنیش بەسەر داهاتۆکەیدا. (سینکالوبس)
* خۆشیە راستەقینەکان لەدوای زەماوەند دەست دەکەون. ( پاستۆڕ)
* زەماوەند بکەن، بەهەر شێوەیەک کە دەتوانن، چوون ئەگەر ژنێکی باشتان وەگیر کەوت، ئەوە بە خۆشییەکان دەگەن و ئەگەر توشی ژنێکی خراپیش بوون، ئەوە دەبنە فەیلەسوفێکیگەورە. (سوقرات)
* بەرلەوەی کە بچن بۆ شەڕ یەک، دوو جار و پێش ئەوەی کە بچنە خوازبێنی سێ جاران بۆخۆتان دوعا بکەن. ( گەورەیەکی لێهێستانی)
* ژێردەستی پیاو بن، تاکوو بتانبەرەستێ.(کارۆڵ بێیکێر)
* ئەمن تەنیا لەگەڵ پیاوێک زەماوەند دەکەم کە عەنتیکەناس بێ، تا هەرچی پیرتر بووم بۆ ئەو خۆشەویستر بم. (ئاگاتا کریستی)
* هەرچی زەماوەندەکان زیاتر بن، جەنایەتەکان کەمتر دەبن.( ووڵتێر)
* خۆش بوونی ژن، غرووری پیاو تا ئاخرین رادە دەباتە سەر، چوون هەموو کات ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ خۆیدا دەبینێ.( جانسۆن)
* ژن پێیباشترە لەگەڵ پیاوێک زەماوەند بکا کە ژیانێکی ناخۆشی هەبێ، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ پیاوێک کە بیسەرێکی باش نیە بژی.( کینهابارد)
* کاتێک بۆ زەماوەندەکەت زۆر سەرف دەکەی، میوانەکانت شەوێک خۆش دەکەی و خۆشت عومرێک ناراحەت.( رۆژنامەنووسێکی ئیرلەندی)
* هیچ ژنێک بۆ رەزایی خودا لەگەڵ پیاو زەماوەند ناکا.( مەتەڵی سکاتلەندی)
* ئەگەر بە قەرزداری بووی بە زاوا، لەگەڵ پێکەنین ماڵئاوایی بکە.( ئاڵمانی)
* تا زەماوەندت نەکردووە، ناتوانی سەبارەت بەو مەسەلەیە را دەربڕی.( شارڵ بودلێر)
* بەردەوامیی ژیان بەشێکی خۆشەویستیە و نۆ بەشیشی لێبووردن لە خەتاکانە.( سکاتلەندی)
* زەماوەند نەرێتێکە بۆ کامڵ بوونی پیاو.( مەتەڵی سانسکریت)
* زەماوەند غەمە خەیالیەکان دەکا بە خەمی راستەقینە.(ئاڵمانی)
* زەماوەند قۆنتەراتێکی دوو لایانەیە کە لە هەموو دنیادا ئیعتباری هەیە.( مارک تواین)
* زەماوەند کۆمەڵێک لە تامەکانە، تاڵی و سوێر هەیە، تیژی و ترشی هەیە و شیرینی و بێتامیشی هەیە.( ووڵتێر)
* زەماوەند نیوەی ئیمانە. تێبکوشن نیوەکەی دیکەش وەدەست بێنن.( ئەبوو عەلی سینا)
* ئەمن چەند وشەیەکم لەگەڵ ژنەکەم هەیە و ئەویش هەموو کات چەند لاپەڕەیەک.( بیل کلینتۆن)
* هێندێک سەبارەت بە بەردەوامی ژیانی هاوسەرایەتی ئێمە دەپرسن، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە حەوتووی دوو جار دەچین بۆ رێستوران، مۆمێکی جوان، شێوێکی باش، مۆسیقا و سەمایەکی خۆش. ئەو پێنجشەممۆیان دەڕوا و ئەمنیش رۆژانی هەینی.( جۆرج بوشی کوڕ)
* ئەمن سەبارەت بە تێرۆر قەت ناترسم. ئەمن دوو ساڵان ژیانی هاوبەشم هەبووە.( روودی جیولیانی)
* بۆ بەردەوام بوونی ژیانی دوایی زەماوەند دوو شت هەن، یەکەم ئەوەی کە کاتێک هەڵەیەکت کرد قەبووڵی بکەو دووهەم ئەوەی کە کاتێک حەق بە تۆ بوو، زمانت گرێ بدە.( شەکیل ئۆنیل)
* ژنێکی باش لە مێردەکەی دەبوورێ، کاتێک کە خۆی هەڵەی کردبێ.( باراک ئۆباما)
* زەماوەند تەنیا شەڕێکە، کە کەسێک لەگەڵ دوژمنەکەی دەخەوێ.(تۆمی لیی)
* دەزانی پێش زەماوەند ئەمن چم دەکرد، هەرشتێکی پێم خۆش با.( دێیوید هاسێلهۆف)

کوردستان و کورد

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# پەندی پێشینیان



ئەوەی کە بۆ گوو کەر هەڵ ئەکەوێت بۆ ڕاوکەر هەڵ ناکەوێت
دار بە تەوری وت گەر کلکت لە خۆم نە بوایە توانای بڕینمت نە
ئافرەتی جوان گەوهەرە، ئافرەتی بەریزو موحتەرەمیش گەنجینەیە
خۆشەویستی میوەی هەموو وەرزیکە لەبەر دەستی هەمووان دایە
ئە گە ر هە موو زانا بوینایە ئە ی کێ گوێی لێمان بگرتایە؟
داری بن پتەو لە بای بە هێز و دژوار ناترسێ
ئە وە ی پشتی ناحە ق بگرێت نۆکەری زاڵمە
پێکەنین ، باشترین چەکی شەرە لە دژی ژیان
ئەوەی سمێڵی سوور بێت هەمزاغا نیە
تێکوشین بە تەمای جیران هەر ویشکە
لە هەموو هەورێک باران نابارێت
چەم بێ چەقەڵ نابێت
لە ئاوی خووڕ مەترسە لە ئاوی مەنگ بترسە
کە گوورگ پیر بوو ئەبێت بە مەخسەرەی سەگان
پیاو بە تەمای دراوسێ بێت بەبێ شێو سەردەنێتەوە
ئەگەر جوتیار جوتیار بێ لەسەر شاخیش جووت دەکات
پێش ئەوەی بیر لەچاکە بکەیتەوە بەر لە خراپەکانت بکەوە
دەرزیەک بکە بە خۆتا ئنجا سوژنێک بە خەڵکی تردا
بیرەوەریش یادگاریەکە و هەرگیز لە بیر ناچێتەوە
خزم ئەگەر گۆشتیش بخوات ئێسکت ناشکێنێت
کەرە مەمرە بەهارە کورتانت بۆ دێت لە شارە
لە برسا بمری لە گەڵتا ئەگری ، نانت ناداتێ
نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لەخوانە
کە زۆر هات قەباڵە بەتاڵە
دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە
منداڵی بچووکیش خەونی گەورە دەبینێت
بزن بۆ شەوێکیش شوێنی خۆی خۆش ئەکات



ماڵپەری شارەزۆرپۆست

سەرچاوە
Serchawe




# Banemer ٢٧١٢ کوردی بانەمەڕ

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ١ (20) |
| ٢ (21) | ٣ (22) | ٤ (23) | ٥ (24) | ٦ (25) | ٧ (26) | ٨ (27) |
| ٩ (28) | ١٠ (29) | ١١ (30) | ١٢ (31) | ١٣ May (1) | ١٤ (2) | ١٥ (3) |
| ١٦ (4) | ١٧ (5) | ١٨ (6) | ١٩ (7) | ٢٠ (8) | ٢١ (9) | ٢٢ (10) |
| ٢٣ (11) | ٢٤ (12) | ٢٥ (13) | ٢٦ (14) | ٢٧ (15) | ٢٨ (16) | ٢٩ (17) |
| ٣٠ (18) | ٣١ (19) | | | | | |

دیاربەکر

ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە Serchawe